# رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری کوردستان: بیست ساڵ دواتر[1]

د. بورهان یاسین

-----------------------------------
لە کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم (دەربارەی پێشوەچوونەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان، رۆژانی 21-2011/5/22) پێشکەشکراوە.

## ناوەڕۆکی باس

## بەشی یەکەم: لێکۆڵینەوە

دەستپێک و هەندێک خاڵی لێوەدەرچوون
رژێمە ستەمکارەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست
رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپای رۆژهەڵات
بەهاری عەرەبی
باشووری کوردستان، لە کوێوە، بەرەو کوێ
دەسەڵات، ئۆپۆزیسیۆن، شەقام: رووداو و سیناریۆکان

## بەشی دووەم: گفتوگۆ

-------------------------------------------
**تێبینی: بەبێ ئاگاداری خاوەن وتار نابێ ئەم نووسراوە لە هیچ جێگایە بڵاوبکرێتەوە. دەقی ئەم نووسراوە بە شێوازی پدف لەماڵپەڕی خاوەن وتار بەرچاودەکەوێ:**
**www.burhanyassin.com**

[1] ئەم بابەتە بە گۆڕانکاری زۆر کەمەوە، بە تایبەتی لە رووی زمانەوانییەوە، ئەو باسەیە کە بە زارەکی پێشکەشکراوە و دواتر لە دەنگەوە گواستراوەتەوە بۆ ئەم دەقەی بەردەست.

# بەشی یەکەم: لێکۆڵینەوە

## دەستپێک و هەندێک خاڵی لێوەدەرچوون

بە راستی دکتۆر موعتەسەم دستت خۆشبێ بۆ باسەکەت، کارێکی جوان بوو. بە هەر حاڵ، هەندێ شتت بۆ من وەزحمەت خستن، بەڵام هەندێ شتیش وەهاسان کەوتن. لەمەڕ وەزەحمەت کەوتنەکە، هێندێک شت هەن تۆ باستکردن کە هەوڵدەم دووپاتیان نەکەمەوە. لە مەڕ وەهاسان خستتنەکەش، تۆ دەرگات بۆ من کردەوە کە بە پشتبەستن بە لایەنی لێکدانەوەی ئابوورییەوە هێندێک پرسگەل باس بکەم.

دیارە باسەکەی من، تایبەتمەندییەکی ئاوای نییە کە تۆ بڵێی باسێکی سۆسیۆلۆژی یا زانستی سیاسی یا مێژوویی یا ئابوورییە، بەڵکو زێتر روانگەیەکی بەرفراوان و فرەتایبەتمەندی (interdisciplinary) هەیە. بە مانایەکی تر ئەو هەموو بوارانە وەخۆ دەگرێ.

لەڕووی جوگرافییەوە هەر ئەو جوگرافیایەی کە کاک موعتەسەم باسی کرد باشە وە گونجاوە چەمکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا بەکار بێت، بەڵام بۆ کورتیی و دووپات نەبوونەوەی هەموو جارێک، تەنیا لە چەمکی "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" کەڵک وەردەگرم بۆ ناونانی هەردوو ناوچەکە، چونکە ئەو شێوە بەکارهێنانە لە نێو توێژەرانیشدا باوە.

لە ناونیشانی باسەکەمەوە دەست پیدەکەم و دەڵێم "بیست ساڵ دواتر بەڵام ناڵێم دوای بیست ساڵ." بیست ساڵ دواتر بەو مانایەی کە ئەوەی ئەورۆ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست روودەدا دەبوو بیست ساڵ پێش ئێستا روویبدایە، یا ئەگەر تۆ حەز بکەی دەتوانی بڵێی دەکرا ئەوەی ئێستا بیست ساڵ پێش ئێستا روویبدایە، وەک پڕۆسەیەکی هاوتەریب لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی لە ئەوروپای رۆژهەڵات روویاندا و، بە تایبەتیش رووخانی سیستەمی سۆڤیەتی. هەروەها ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر جیهاندا هاتن و بە شێوەیەک لە شێوەکان رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشی پەیوەندیدار کەرد، بەڵام زۆر بەکەمی و بە شێوەیەکی گشتی ئەو پەیوەندیداربوونە زۆر سنووردار بوو.

بیست ساڵ دواتر، بە لایەنی کوردستانیەوە و بە بۆچوونی کوردییەوە، زیاتر مەبەست باشووری کوردستانە و بە تایبەتیش ئەو کێشمە کێشمە کە لەو بەشەی کوردستان هەیە، دەکرا بەر لە بیست ساڵ بە رووحی ریفۆرم، دیموکڕاتیزەکردن، دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا، کۆمەڵگای یاسا و کۆمەڵگای کراوە دەستیان پێکردایە. وە بە

ئەگەری یەکجار زۆر، ئەگەر بهاتایە لەوێوە دەستیان پێکردایە، ئیمڕۆ باشووری کوردستان دوای بیست ساڵ واقیعێکی تری سیاسی دەبوو لەوەی کە ئێستا هەیە.

من کۆمەڵێک پرسیارم هێناوەتە گۆڕێ، کە چوار پرسیاری سەرەکین، هەوڵ دەدەم لە باسەکەمدا وەڵامیان بدەمەوە. پرسیارێکیان دەربارەی مانەوەی رژێمە ستەمکارەکانە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کاتێکدا لە ئەوروپای رۆژهەڵات، وە تەنانەت لە ئەمریکای لاتینی و هەتا بگرە لە ئەفریقاش زۆرێک لە رژێمە ستەمکارەکان کەوتن و کۆمەلگاکانی ئەم وڵاتانە روویان لە سیستەمی دیموکراتی ، یا نیمچە دیموکراتی[2] کرد، کە چی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەو مەسەلەیەدا وەپاش کەوت، بە مانایەکی تر پرسیار ئەوەیە: ئایا ئەوە چیە و چ میکانیزمێکە وایکردوە رژێم ە ستەمکارەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بتوانن بیست ساڵی تریش بمێننەوە ئەوجا گۆڕان روو لەو ناوچەیە بکا، بەو شێوەیەی کە ئێستا دەیبینین؟ چۆن دەکرێ لەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە جەماوەریانە بە تایبەتی لە وڵاتە عەرەبیەکان، کە ئێستا پێی دەگوترێ بەهاری عەرەبی، بگەین؟ و چوارەمیشیان، چۆن دەتوانین لە بارودۆخی ئێستای باشووری کوردستان بگەین دوای ئەو بزووتنەوە جەماوەرییە کۆمەڵایەتییە سنووردارە (واتە خۆپیشاندانەکان)، کە لە 17ی مانگی فیبروەری دەستی پێکرد وە تا 19ی ئەپریل بەردەوام بوو؟ ئەوە بە شێوەیەکی گشتی پرسیارەکانن.

دەتوانین لە هەندێک خاڵی گشتییەوە دەست پێبکەین. پێشەکی نابێ چەمکی دیموکراسی لەوەدا قەتیس بکرێتەوە کە کۆمەڵێک دامەزراوە دێنە بەرهەم لەڕێگای هەڵبژاردنەوە، بەڵکو بەرجەستەبوونی سیستەمێکی دیموکراتی پەیوەستە بە زۆر شتی ترەوە، لەوانەش رادەی گەشەکردن و بەرجەستەبوونی کولتوری سیاسی دیموکراسیە. مەسەلەیەکی تر وەک سەرەتای باس ئەوەیە کە لە ناو توێژەراندا، لە باسوخواسی دیموکراسیدا، دوو ئاراستەی سەرەکی هەن: کۆمەڵێک لە تیوریەکان باس لە **مەرجەکانی** دیموکراتیزەبوونی کۆمەڵگا دەکەن، کەچی هێندێکی تریان باس لە **راگواستن** لە سیستەمی ستەمکارەوە بۆ سیستەمی دیموکراتی دەکەن. راگواستن لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراسی، بە شێوەیەکی گشتی لەڕووی تیوریەوە دەکرێ هەڵوێستەکان بخرێنە بەر باس وتوێژینەوە، بە تایبەتی ئەو پرسیارەی ئایا خاڵی جختکرنەوەیان لە چیدایە لە مەسەلەی راگواستن؟ لەبەر ئەوە لەمەڕ راگواستن بۆچوونی جیا هەن، وەک جختکردنەوە لە بوونی بۆچوونێکی بونیاتگەرانە کە زیاتر مەسەلە ئابوورییەکان و کۆمەڵایەتیەکان وەخۆ دەگرێ. ئەم بۆچوونە چۆنییەتی بونیادی کۆمەڵایەتی دێنێتە پێش چاو. دووهەمیان جختکردنەوەیە لە لە رۆڵ و کەریگەری ئەو ئەکتەرانە لەپڕۆسەی بەرهەمهێنانی ئەو سیستەمە. سێهەمیان بۆچوونێکی کولتورگەراییانەیە لە تێگەیشتن لە پڕۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگای دیموکراتی و راگواستنی کۆمەڵگا بەو ئاراستەیە.

بە شێوەیەکی گشتی، لە توێژینەوە دەربارەی جیهانی عەرەبی زۆر بە تایبەتی، باس لە سێ رووداو دەکرێ کە گرنگ بوون لە هێنانەگۆڕێی وتووێژ و توێژینەوە دەربارەی نەبوونی سیستەمی دیموکراتی و کزی خواستی ئەمجامدانی ریفۆرمی سیاسی و

---

[2] لەم باسەدا ووشەی دیموکراتی وەک ئەوەڵناو و ووشەی (دیموکراسی)ش وەک ناو بەکارهاتوون.

دیموکراتیزەکردنی سیستەمە سیاسییەکانی ناوچە. ڕووداوێک، کە هەر نەبێ لە پەیوەستەگی عەرەبیدا زۆر گرنگە نسکۆی ساڵی 1967 ی وڵاتانی عەرەبییە لە شەڕ لەگەڵ ئیسرایل. ئەو کات کۆمەلێک باسوخواسی زۆر گرنگ کراون دەربارەی بابەتی جیا جیا، کە هەڵبەتە ئێرە جێگای باسی ووردەکارییەکانی ئەو باسانە نیە. بەڵام یەکێک لە ئاراستە هەرە گرنگەکانی باسوخواس ئەوەبوو کە ئایا ئەو نسکۆ، یا شکستە، بۆ ڕویدا؟ هەولی هەرە جددی بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسارە لەلایەن ڕووناکبیرانی سووری و میسری، بەڵام زۆر بە تایبەتی ڕووناکبیرانی میسری بوو. لە میسر گفتوگۆکان لە هی هەموو وڵاتانی عەرەبی گەرمتر و جددی تر بوون، بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تری عەرەبی. بە خوێندنەوەی خۆم سادات (کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ مردنی عەبدولناسر لە سیپتێمبەری 1970دا بوو بە سەرۆک کۆماری میسر) لە بیرۆکەی کرانەوە (ئینفیتاح)دا سوودی لەو گفتوگۆ و باسوخواسانە وەرگرت وە بوێری پەیدا کرد ئەو کرانەوەیە بکا و میسر لە جیهانی عەرەبی جیابکاتەوە لەسەر بنەمای ستراتیژێکی نوێ، لە ڕەهەندە نیشتیمانی و ئیقلیمی و نێونەتەوەییەکاندا.

ڕووداوی دووهەمیان، لە مەسەلەی هێنانە گۆڕێی باسوخواسی ڕیفۆرمی سیاسی و مەسەلەی دیموکراسی، کۆتایی شەڕی سارد و داگیر کردنی کوەیت (لە لایەن عیراقە)وە بوو. ئەم ڕووداوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەستگیەکی مێژوویی گرنگی پەیدا کرد لەگەڵ ئەو هەژانە نێو نەتەوەیی و گلوباڵییە کە لە ئاکامی کۆتایی شەڕی سارد هاتبووە گۆڕێ. بە بارێکی دیکەدا، دەتوانین بڵێین ئەگەر عیراق کوەیتی داگیر نەکردایە و عیراق لە سیاسەتی نێو نەتەوەییدا هەڵوێستێکی تەواو جیاوازی گرتبایەتە بەر لەوەی کە کردی ئەوا ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و کوردستان، وە زۆر بە تایبەتیش باشووری کوردستان، هەرگیز بەو شێوەیە گرێ نەدەدرا بەو هەژانە گلوباڵییەی کە لە تەواوبوونی شەڕی سارد کەوتەوە. جگە لەوەی کە قەیرانی کوەیت بووە هۆی هێنانەگۆڕێی باسوخواس دەربارەی زۆر کێشە و پێداویستی ڕیفۆرمی سیاسی، هەر لە ژێر کاریگەری ئەو قەیرانەش هەندێ وڵاتی عەرەبی دەستیان هاوێشتە ڕیفۆرمی سیاسی. لە لایەکی ترەوە لە بۆچوونێکی کوردیەوە، ئەم ڕووداوە (واتە قەیرانی کوەیت) بۆ هەلومەرجی کوردی (بە تایبەتی باشووری کوردستان) یەکجار گرنگ بوو، بەو مانایەی کە قەیران بووە هۆی کرانەوە و دەرفەتێکی یەکجار مێژوویی بۆ کورد، کە دەتوانین بڵێین هاوشێوەی نیە.

سێهەمیان، ڕووداوی 11 سێپتەمبەری ساڵی 2001ە، کە ئەمەش جارێکی تر گوڕوتینێکی دایەوە بە باسوخواس لەمەڕ پێداویستی بینین و تێگەیشتنی پشتی ڕووبەری ڕووداوەکەی تێرۆر، کە ئەویش گەرانەوە بوو بۆ بنەما کۆمەلایەتی، ئابووریی و سیاسییەکان. واتە بینین و تێگەیشتنی ڕوانگە ئابووری، کۆمەلایەتی و سیاسییەکانی جیهانی ئیسلام و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە لە سەرەتای نەوەدەکانەوە لە جیهانی عەرەبیدا ویستێک هەبووە بۆ ڕێفۆرخوازی، بەڵکو هەروەک وترا هەندێک ڕیفۆرمیش، لێرەو لەوێ (لە وڵاتانی عەرەبیدا) کراون. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە زۆربەی جار ڕیفۆرمی سیاسی بە مەبەستی ئەوە کراوون بۆ ئەوەی ڕژێمە ستەمکارەکان تەمەنی خۆیانی پێ درێژبکەنەوە، لە بڕی ئەوەی کە

ریفۆرمەکان ببنە ڕێگەخۆشکەر بۆ کۆتاییهاتن بە تەمەنی ئەو ڕژێمانە. جگە لەمەش لێرە و لەوێ ژمارەیەک ناجێگیری کۆمەڵایەتی و هەڵسانە سەرپێ (ڕاپەڕین)ی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی عەرەبی لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان ڕوویاندا، بەڵام لەو ڕادەیەدا نەبوون کە ببنە هۆی ڕوخانی ڕژێم ە ستەمکارەکان (یا هەندێک لەو ڕاپەڕینانە دزران، کە ئەمە باسێکە دواتر دێمەوە سەری). دەرچوونی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 2002، کە یەکەم جار بوو لە مێژووی ئەم ڕێکخراوەدا ڕاپۆرتێکی ئاوها گرنگ لە مەڕ پێشوەچوونی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی لە جیهانی عەرەبیدا دەربچێ. ئەو ڕاپۆرتە کاریگەرییەکی بەرچاوی کردە سەر توێژەران و ڕۆشنبیران و ئەوانەی خاوەن بڕیاری سیاسین لە ئاستە جیاجیاکاندا، هەم لە ناوچەکە و هەمیش لە ئاستی جیهانیدا.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بەو ڕووداو و دیاردانەی سەرەوە بکەین وەک لە حاڵەتێکی مێژوویی و سیاسی، کە لە یەکتر جیاکردنەوەیان ئەستەمە. هەڵبەتە بە بێ باسکردن و تێگەیشتن لە گلۆبالیزم، کە گوڕوتینێکی تایبەتی دا بە ڕووداوەکانی نەوەدەکان و پێشوەچوونەکانی دواتر. (گلۆبالیزم چیە و کەی دەستیپێکرد و چۆن دەستی پێکرد باسێکی زۆر هەڵدەگرێ، من ئێستا ناچمە ناو ئەو باسەوە). بەڵام ئەوەی کە گرنگە و دەمخوازم جختی لێبکەمەوە ئەوەیە کە بەرهەمی گلۆبالیزم لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەسەرتای نەوەدەکاندا نەدوورایەوە و بیست ساڵی پێچوو تا بەری گلۆبالیزم ناوچەکە لە ڕووی سیاسییەوە، بدوورێتەوە. ئەوە مەسەلەیەکی گرنگە و پەیوەندی بە زۆر شتەوە هەیە و هیوادارم بتوانم لە درێژەی باسەکەمدا بێمەوە سەری.

## ڕژێمە ستەمکارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

لەم بەشەدا دەکرێ سەرەتا بپرسین ئایا چ تێگەییشتنێک هەیە لەوەی کە بۆ وە چۆن ڕژێم ە ستەمکارەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەردەوامیان هەبووە و بگرە ئەو ناوچەیە جیاواز بووە لە ناوچەکانی تری جیهان بە بوونی کۆمەڵێک ڕژێم ی ستەمکار کە دەوڵەتی پۆلیسیان بەرهەم هێناوە و لەسەر ئەو دەوڵەتە پۆلیسیانەش ژیاون وە بەردەوامیشیان هەبووە؟

لە هەوڵ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بۆچوونی جۆراوجۆر دەرکەوتون. بۆچوونێکیان جخت دەکاتە سەر لایەنی کولتوری، کە لە ڕاستیدا مەبەست (لەو لایەنە کولتوریە) ڕۆڵی ئیسلامە وەک بنەمایەکی ڕۆشنبیری و فیکری ڕژێمی ئیستیبدادی و وەک هۆکاری سەرەکی لە غیابی سیستەمی دیموکراتی. هەڵبەتە من دەخوازم هەر زوو ئەو بۆچوونە ڕەت بکەمەوە. بۆیەش ڕەتی دەکەمەوە کە ئەو بۆچوونە نەک هەر لە سەر ئاستی تیوری بەڵکو بە کردەوەش لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە سەد ساڵی ڕابردودا خراپترین شێوازەکانی ستەمکاری و دەوڵەتی پۆلیسی لە سەر بناغەی، بە ناو پڕۆژەو ئایدیۆلۆژیای علمانی، دامەزراوون وەک ڕژێمەکانی ئەسەدی سووریە، ناسری میسر، سەددامی عیراق، بورقیبەی تونس و ... هتد. لەسەر بنەمای بانگەشە بۆ پڕۆژەی علمانی و دامەزراندنی سیستەمی سیاسی لەو ڕۆشناییەدا، ئەو دەوڵەتە ستەمکارانە توانیان

ماوەیەکی زۆر دەوام بکەن و بژین. دەتوانین کەمالیزم وەک پرۆژەیەکی علمانی، هەرنەبێ لە فەترەیەکی زەمەنیدا، وەک رژێمێکی ستەمکار (لە راستیدا لە زۆر خەسڵەتی گرنگدا بە فاشیستیش) ناوی ببەین.

هەندێک لە توێژەران، لە وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوەدا، جخت لەسەر لایەنی ئابووری دەکەنەوە. لەڕاستیدا نامەوێ لایەنی ئابووری و ئەو شتانەی کە دکتۆر موعتەسەم باسیکردن دووپاتیان بکەمەوە. بەڵام مەسەلەیەکی گرنگ ئەوەیە کە تەنها مەسەلەی بوونی نەوت لە رۆژهەڵاتی ناوەراست ناتوانێت تاکە هۆ بێت بۆ بوونی رژێمی ستەمکار لەو ناوچەیە، بەڵکو شێوەی بەریوەبردنی کۆمەڵگا لەلایەن دەوڵەتەوە و هەڵسوکەوتی دەوڵەت لەگەڵ سەرچاوە ئابوورییەکان دوو مەسەلەی یەکجار گرنگن. هەڵبەتە بوونی نەوت یارمەتیدەرێکی گەورە بووە لە بەرهەمهێنانی شێوازیک لە حوکمڕانی ستەمکار تایبەت بەخۆی. ئەم بۆچوونە لە لایەن زۆر توێژەرەوە، بە تایبەتی (Giacomo Luciani)یەوە، توێژینەوەی لەسەر کراوە وەک دیاردەیەکی زۆر تایبەتی. بەو مانایەی کە کاتێک دەوڵەت لەسەر سەرچاوەیەکی داهاتی ئابووری دیاریکراو، بە تایبەت نەوت، دەژی وە بە تەواوەتی ئەو سەرچاوەیە کۆنترۆڵ دەکات.

هەڵبەتە ئەو حاڵەتە کۆمەڵێک ئاکامی لێدەکەوێتەوە، کە لە چڕکردنەوەیاندا دەتوانین بڵێین خۆی لە دیاردەی سێبەری قورسی دەوڵەت بە سەر کۆمەڵگاوە دەبێنێتەوە. گرنگترین دەرهاوێشتەکانی ئەو حاڵەتەش بێهێزبوونی کەرتی تایبەتی و لاوازی و کەم توانایی و کەم کاریگەری چینی مامناوەندیە. بە مانایەکی تر، دەسەڵات (رژێم)ێکی ناوەندی بەهێز (یا ناوەندێکی ستەمکاری بەهێز) هەیە بەرانبەر بە کۆمەڵگایەکی بێهێز. وەختێک کۆمەڵگا بێ هێزە هەرگیز ناتوانێ داواکارییەکانی بەسەر دەوڵەتدا بسەپێنێ. بە مانایەکی تر بوونی دەسەڵاتی رەهای دەوڵەت بەسەر پێشوەچوونی کۆمەلایەتی و ئابووری وە مۆنۆپۆلکردنی ئەو پێگەیە گرنگە مەبەستێکی سیاسی گرنگی لە پشتەوەیە: دەوڵەت، بە مەبەست، دەخوازی جۆرێک لە پەیوەندی لەگەڵ دانیشتوان دروست بکا کە تیایدا دانیشتوان (هاولاتیان) بەردەوام سوپاسگوزار و منەتباری ئەو دەوڵەتە بن. بە روێکی تردا، چونکە هاولاتیان بەردەوام لە پەیوەستەگیەکی سووپاسگوزاریدان بەرامبەر بە دەوڵەت، ئەوا ئەوان خواستیاری ئەوە نابن کە داواکاری سیاسی لەسەر دەوڵەت فەرز بکەن، وە ئەگەر خواستیش هەبێت ئەوا هەرگیز توانای ئەوەیان نیە ئەو کارە بکەن. کەواتە، دەرئەنجام، کۆنتڕۆڵی دەوڵەت بە سەر سەرچاوە ئابوورییەکان و شێوەی بەڕێوەبردنی ئەو سەرچاوانە لە لایەن دەوڵەتەوە لە ئاراستەیەکدایە کە خزمەت بە مانەوە و بەهێزبوونی رژێمی سیاسی ئەو دەوڵەتە دەکات.

سێهەم بۆچوون لە مەڕ توێژینەوە لەو پرسیارە (واتە پرسی غیابی سیستەمی دیموکراتی و بەروەوامی سیستەمە ستەمکارەکان) لە رووی تێگەیشتنی دامەزراوە و دامودەزگاکانی دەوڵەت و شێوازی مامەڵەکردنە لە تەکیاندا، ئەو دامەزراوانەی کە بە تایبەتی گرنگن بۆ مانەوە و بەهێزبوونی رژێمی ستەمکار ئەوانەن کە ئێڤا بێلین لە لێکۆڵینەوەیەکیدا پێیان دەبێژێ coercive apparatus (دامەزراوەی زۆربۆهێنان یا داپڵۆسین)، کە مەبەست زیاتر هێزە چەکدارەکان و هەواڵگیریە. هەلبەتە ئەم بابەتە

ئاڵۆز و فراوانە چونکە ئەو پرسیارانەمان لە پێش دادەنێ کە ئایا پێکهێنان و گەشەکردنی دەوڵەت، وەک دیاردەیەکی مۆدێرن، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە چ پرۆسەیەکدا چووە و دەچێ؟ دامەزراوەکانی دەوڵەت چۆن گەشەیان کردووە؟ یەکێک لەو کێشانەی کە لەم بوارەدا جختکراوەتەوە ئەوەیە کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە رووکەش، فۆرمی سیاسی رەسمی و دامەزراوە و دەزگای رەسمی دەوڵەت هەن، کەچی لە لایەکی ترەوە کاکڵ و ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو دەوڵەتە بنەمایەکی کۆمەڵایەتی تەقلیدی (تۆ بڵێ ناڕەسمی) بووە، وەک بنەماڵە، خێڵ، یا هەر شێوازێکی بەیەکەوەگرێدرانی کۆمەڵایەتی تەقلیدی؛ بە مانایەکی تر هی کۆمەڵگای تەقلیدی بەر لە بەدەوڵەت بووە. ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیە تەقلیدیانە بە شێوەیەک لە شێوەکان بە توندی ئامادەییان لە ناو وە کاریگەریان لەسەر دەوڵەت هەبووە. لە حاڵەتی دەسەڵات و بناسازی "دەوڵەت" لە باشووری کوردستان ئەو ئامادەیی و کاریگەرییە بە ئاشکرا دەبینین. لە دەسەڵاتی سیاسی ئەو بەشەی کوردستاندا دوو روانگە و بنەمای سیاسی هەن: یەکێکیان بنەمایەکی "ڕەسمییە" و ئەویتریشیان بنەمایەکی "ناڕەسمی". ئەو بنەمایە ناڕەسمییە (کە هی بنەماڵە و خێڵ و ناوچەگەرێتی تەقلیدیە) بەهێزەترە لە بنەما رەسمییەکە وە هەر ئەو بنەما ناڕەسمییەشە سەرچاوەی دروستکردنی دەسەڵاتێکە کە من پێیدەبێژم "دەسەڵاتی شاراوە"، (دواتر دێمەوە سەر ئەو باسە بە پەیوەندی لەگەڵ باسی باشووری کوردستان).

جگە لەو سێ روانگانەی سەرەوە، لە توێژینەوە لە پرسی بەروەوامبوونی سیستەمە ستەمکارەکان و غیابی سیستەمی دیموکراتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، توێژەرانێک هەن کە رازی نین بەوەی کە تەنها لە روانگەی ئابووری، کولتووری (تۆ بڵێ رۆڵ و کاریگەری ئایین) یا دامەزراوەیی لە مەسەلەکان رابمێنن. بە مانایەکی تر، بە باوەڕی ئەو توێژەرانە باشتر وایە ئەو روانگە یا فاکتەرانە بەیەکەوە گرێبدرێن وە بشبەسترێنەوە بە بواری پەیوەندیە نێونەتەوەییەکانی دەوڵەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەو مانایەی، ئایا ئەو پەیوەندییە نێونەتەوەییانەی دەوڵەت لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست (جا لە سێبەری جەنگی سارد دەبێ یا لە هەر سێبەری هەر دیاردەیەکی تری گلۆباڵی دەبێ) چین وە چۆن تا ئێستا ئەو پەیوەندیانە لە خزمەتی بەرژەوەندی و دەسەڵاتی رژێم ە ستەمکارەکاندا بوونە؟ وێڕای ئەوەی کە من لەو باوەڕەدام کە بەیەکەوە گرێدانی ئەو روانگە و فاکتەرانە تێگەیشتنێکی باشترمان بۆ فەراهەم دەکەن، کەچی دیسانیش ئەوە ناڵێم کە لە رووی زانستییەوە هەڵەیە کە تەنها لە سەر لایەنێک (تۆ بڵێ روانگەیەک یا فاکتەرێک) بوەستیت و پرسە سەرەکیەکەی پێ وەڵامبدەیتەوە. لە لایەکی ترەوە، هەر وەک لەسەرەوە گوتم، من زۆرتر لایەنگری بەیەکەوەگریدانی روانگەکانم، وەکوو تەواوکەری یەکتر لە حالەتێکی مێژوویی سیاسی سۆسیۆلۆژیدا بۆ هێنانە بەرهەمی تێگەیشتنێکی "موتەکامیل" (integrated).

جگە لەو روانگانەی سەرەوە، تویژەران ئاماژە بە شتێکی تر دەکەن کە بۆ ئەم باس وخواسە گرنگیان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە توێژەران قامک بۆ رۆڵ و کاریگەری ململانێی عەرەبی-ئیسرایلی رادەکێشن. رژێم ە ستەمکارەکانی وڵاتانی عەرەبی ئەو ململانێیەیان بەکارهێناوە بۆ بەهێزکردنی پێگە و رەواییەتی سیاسییان لە حوکمڕانیدا بە

پەیوەندی لەگەڵ دانیشتوانی وڵاتەکانیان و جێگە و پێگەی ئیقلیمی و نێونەتەوەییان. بە دیوێکی تریدا، ئەو ململانێیە گران کەوتووە لەسەر وڵاتانی عەرەبی، بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی کە راستەوخۆ پەیوەندیدارن بە ململانێکەوە. بە درێژایی نزیکەی سێ نەوە توانا و وزەیەکی یەکجار زۆری سیاسی، ئابووری، دیپلۆماسی و گیانی لە بەردەوامی ئەو ململانێیە سەرفکراوە. لەڕاستیدا هەندێک هێز و پڕۆژەی ئایدیۆلۆژی لەسەر ئەم ململانێیە کاریان کردووە و ژیاون، وەک بۆ نموونە ئێستاش بۆچوونێک، هەر بەنێ لە ناو هەندێک لە توێژەران، هەیە کە دەڵێ سوریا نەک هەر بە جددی هەوڵی چارەسەری ململانێ لە گەڵ ئیسرایل نادات، بەڵکو لە بەرژەوەندی رژێمە کە سوریا بەردەوام لەگەڵ رادەیەک لە گرژی و ململانێدا بژی... بە هەر حاڵ، دەکرێ ئێستا بڵێین کە خەریکە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو ئایدیۆلۆژییانە وەلادەنێ و خەریکە بە بیروباوەڕێکی جیاواز لەگەڵ هی جەماڵ عەبدولناسر، حافز ئەسەد، سەددام حوسێن، و موعەممەر قەزافی (کە هەموویان لە بەهێزکردنی پێگەی خۆیان ئەم ململانێیەیان بەکاربردوە) پێ دەنێتە گۆڕەپانی شێوە سیاسەت و خەباتێکی جیاواز.

هەر وەک کاک (موعتەسەم)یش باسی کرد، کۆمەڵیک مەرجی تایبەتی هاتوونەتە گۆڕێ کە بە تایبەتی توێژی گەنج رۆڵ و کاریگەری خۆی تێدا دەبینێتەوە. ئەم مەرجانە هی سەردەمێکی نوێ و جیاوازە، کە ئەو گەنجانە تیایدا لەدایک بوون و گەشەیان کردووە. ئەو مەرجانە زۆر جیاوازن لە هی سەردەمی دیسکۆرس (گوتار)ێکی ناسیونالیستانەی هەندێ رژێمی ستەمکار کە لەسەر دەمارگرژی، ململانی، شەڕوشۆڕ و پێکدادان ژیا و گەشەی کرد.

ئەم "پڕۆژەیەی" کە ئێستا لە راپەڕینە جەماوەریەکانی جیهانی عەرەبیدا خەریکە فۆڕمدەگرێ، دیسکۆرس و هەڵسوکەوتێکی جیواز دەخوازێ. هەر لەبەر ئەوەشە کە لە مێژووی هاوچەرخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، باسی دوو پارادایم بکەین. پارادایمێک ئەو ناسیۆنالیزم و ئایدیۆلۆژیایە کە خۆی بە گرفتی ململانە و گرژی خەریک کردووە وە نەیویستوە جێگەی سیستەمی دیموکراتی و کۆمەڵگای مەدەنی و مافی مرۆڤ بکاتەوە. لە راستیدا کاتێک کە حوکمڕانیشی بەدەست بووە، بە بەهانەی ململانێ و ناجێگیری و هەڕەشەی دەرەکی بەردەوام لەسەر ئەوەی پێیدەوترێ "رەوایەتی شۆڕشگێڕی" ژیاوە و بواری نەداوە کە رەوایەتی دیموکراتی سەرهەڵبدا و جێگیر ببێ. ئەوەی تریان پارادایمێکی تازەیە کە زۆرتر لە ژێر کاریگەری گلۆبالیزم و دەرفەتە گەردوونییە نوێکاندا گەشە دەکا. وێڕای ئەوەی کە ئەم پارادایمە دەخوازێ لە چوارچێوەی گوتارێکی نوێدا خۆی بنوێنێ، دەخوازێ لە هەمان کاتدا بیشیسەلمێنی کە ئایدیۆلۆژیای ناسر، سەددام، ئەسەد و قەزافی ئایدیۆلۆژیای ئافراندنی کۆمەڵگایەکی داخراو بوون و بەکەڵکی ئەوڕۆ (تۆ بڵێ کۆمەڵگای کراوە) نایەن. ئەم نەوەی تازە بەم گوتارە نوێیەوە دەخوازێ کۆمەڵگا لەو پەڕی کراوەییدا بێ، هەم لەناو خۆ و هەمیش روو بە جیهانی دەرەوەی کۆمەڵگادا. هەر لە رۆشنایی ئەم بۆچوونەوە دەتوانین باس لەوە بکەین کە هێدی هێدی دەوری ململانێی عەرەبی-ئیسرایلی کەمدەبێتەوە، بەڵام هەرگیز ناڵێم تەواو بووە، چونکە هەندێک هێزی توندڕەو، کە بەری گوزەران و بەهێزبوونیان زیاتر لەگەڵ بارگرژی و ململانێ هەڵدەکا تا

ئاشتی و هێووربوونەوە و گەشەکردنی ئاشتیانە، تا ئێستاش پەیڕەوی ئاراستەیەکی توندڕەو لەو ململانێیەدا دەکەن. هەندێک هێز و بزاڤی ئیسلامی و ڕژێمی ئیسلامی ئێران دەخزێنە ناو ئەو قالبە سیاسی-ئایدیۆلۆژیەیەوە و هێشتان ڕۆڵ و کاریگەریان بەسەر ڕووداوەکاندا هەر هەیە.

## ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپای ڕۆژهەڵات

دیاردەی جیاوازی هەلومەرجە سیاسی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی و کولتورییەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات لە لایەک وە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە لایەکی ترەوە کۆمەڵێک توێژەری بە خۆیەوە خەریک کردووە. باسوخواسی ئەم توێژەرانەش زیاتر پێ لەو پرسیارە هەڵدەگرێ کە ئایا بۆ هەمان ئەو شتەی لە ئەوروپای ڕۆژهەلات ڕوویدا، لە ڕووخانی سیستەمە ستەمکارەکان و پەڕینەوە بۆ سیستەمی دیموکراتی لەگەڵ تەواوبوونی جەنگی سارد، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ڕووینەدا.

یەکێک لەو بۆچوونانەی کە جێگەی سەرنجن ئەوەیە کە کاتێک ئەوروپای ڕۆژهەلات سیستەمی سۆڤیەتی وەلانا، تەنها یەک دانە ئەلتەرناتیڤی ئایدیۆلۆژی هەبوو کە ئەویش پڕۆژەی لیبرال-دیموکراسی و بازاڕی ئازاد بوو. بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاتێک کە جەنگی سارد کۆتایی هات و مەنزومەی سۆڤیەتی (بە سۆڤیەت خۆی و ئەوروپای ڕۆژهەڵاتیشەوە) ڕووخا، نەک هەر یەک دانە ئەلتەرناتیڤ بەڵکو دوو دانە ئەلتەرناتیڤی سیاسی-ئایدیۆلۆژی هەبوون، یا ڕاستتر بڵێین لە سەر پێبوون و لە کاردابوون: ئەلتەرناتیڤێک ناسیونالیزم، بە تایبەتی بەو مانایەی کە لە پێشتر ئاماژەی پێکرا، و ئەوەی تریشیان ئیسلامی سیاسی بوو. لە ڕاستیدا ئەوەی دووەمیان تازە، واتە لە سەرەتای نەوەدەکان، لە بەهاری گەشەکردنیدا دەژیا وە بە توندی گەشەی دەکرد. واتە بە مانایەکی تر، لەبەر نەبوونی ئەلتەرناتیڤێک بۆ کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم لە حاڵەتی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، کەچی بوونی دوو دانە ئەلتەرناتیڤ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وایکرد کە لە ئەوروپای ڕۆژهەلات بە ئاسانی سیستەمی دیموکراتی وەک تاکە ئەلتەرناتیڤ خۆی بسەپێنێ. بە دیوەکەی تردا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخسا، لەبەر بوونی ئەلتەرناتیڤی تر، سیستەمی دیموکراتی وەک جێگرەوە هەڵبژێرێ و بەم مانایەش تا ڕادەیەکی زۆر کەوتە پەراوێزی ئەو هەژان و گۆڕانکارییە گەردوونییەی کە جیهان لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان بە خۆیەوە بینی.

جگە لەمە، زۆر شتی تر هەن کە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری پێشوو، لە بەراورد لە نێوان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپای ڕۆژهەڵات، دەتوانن یارمەتیمان بدەن. هەڵبەتە جختکردنەوە لە سەر لایەنی ئابووری ( بە تایبەتی ڕۆڵ و کاریگەری نەوت) بوو. هەروەها فاکتەری "هەڕەشەی ئیسلامی" (بە هەردوو بارەکەی، ڕاستەقینە و تەسەوورکراو) ڕۆڵێکی گرنگی بینی. ئەم "هەڕەشەیە" کاریگەرییەکی زۆری هەبوو، بە تایبەتی لە وروژاندنی تەنانەت دەسەڵاتداران و ڕای گشتی لە جیهانی ڕۆژئاوا بە مەبەستی بەدەستهێنانی پشتگیری جیهانی ڕۆژئاوا بۆ ڕژێمە ستەمکارەکانی ناوچە (وەک نموونە پشتگیری جیهانی ڕۆژئاوا، بە تایبەتی ئەمریکا لە ڕژێمەکانی تونس، میسر، یەمەن،

ئەردەن و وڵاتانی عەرەبی کەنداو) بۆ پاراستنی ئەو رژێمانە و بەرژەوەندیەکانی وڵاتانی رۆژئاوا لە مەترسی "هەڕەشەی ئیسلامییەکان". جگە لەوەش، هەر لەو چوارچێوەیەدا، یا رستتر بڵێین هەر بەو هۆیەوە، ئاسان بوو بۆ ئەو رژێمانە کە خۆ بدزنەوە لە ئەنجامدانی ریفۆرمی سیاسی بە بەهانەی ئەوەی کە ریفۆرم دەبێتە هۆی ئەوەی بزووتنەوە ئیسلامییەکان ئەو ریفۆرمانە بقۆزنەوە بە مەبەستی گرتنە دەستی دەسەلاتی سیاسی یا هەر نەبێ بۆ بەهێزکردنی پێگەیان لە هاوکێشە سیاسییەکاندا. دیارە بە تایبەتی هەر دوو نموونەی بەهێزبوونی ئیسلامییەکان لە جەزائیر، لە سەرەتای نەوەدەکان، و دواتریش باڵادەستبوونی حەماس لە "فەلەستین" وەک بەهانە دەهێنرانەوە بۆ "راستی و دروستی" ئەو بۆچوونە. ئەوەشی بە تایبەتی گرنگە لێرەدا بگوترێ ئەوەیە کە زۆرێک لە رژێمەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست توانیان بەم لۆژیکە وڵاتانی رۆژئاوا، بە تایبەتی ئەمریکا، رازی بکەن لە دانی پشتگیری و یارمەتی ئابووری و سەربازی بەو رژێمانە لە پێناو پاراستنیان لەو "هەڕەشە ئیسلامییە".

## بەهاری عەرەبی

لە بارەی ئەوەی پێیدەگوترێ بەهاری عەرەبی هەر لە ئێستاوە کۆمەڵێک بۆچوون و تێڕامان هەن. من بەش بە حاڵی خۆم جەخت لەسەر لایەنی ئابووری-کۆمەڵایەتی و سیاسی لە سەرهەڵدانی ئەو بزاڤە (تۆ بڵێ بەهاری عەرەبی)، کە ئێستاش لەسەر پێیە، دەکەمەوە. هەر لەبەر ئەوەش، دەخوازم هەر زوو ئەوە بڵێم کە بە ئەگەری زۆر ئەو پێشوەچوونە (مەبەست سەرهەڵدانەکانی وڵاتانی عەرەبییە) درێژە دەکێشن، چونکە ئەو بزاڤە زەخیرەیەکی کۆمەڵایەتی بەرفراوان و بەهێزی هەیە، کە بە رادەی یەکەم توێژی گەنجی نێو ئەو کۆمەڵگایانەیە. ئەو توێژە بە کۆمەڵێک هۆکار چاویان کردۆتەوە و بوونەتە خاوەن کۆمەڵێک ئامرازی کاریگەری، خۆڕێکخستن، پەیوەندیکردن و ئاشنابوون بە جیهانی دەرەوە، کە تەنانەت بەر لە دوو دەیە ئەم ئامرازانە فەراهەم نەبوون. بە مانایەکی تر، ئەم توێژە خەریکە دەبێتە خاوەن پێگەیەک کە لە رابردوودا بواری سازانی نەبووە. بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە پێگە و قورسایی کۆمەڵایەتی ئەم توێژە، پێویستە (جگە لە رەهەندی چۆنایەتی کە لێرەدا ئاماژەی پێکرا) لایەنی چەندایەتیش جختبکەینەوە: ئەمڕۆ لەجیهانی عەرەبیدا، کەم یا زۆر، پەنجا لە سەدی دانیشتووان تەمەنیان لە ژێر بیستوپێنج ساڵدایە. جگە لەوەش، ئەوانەی کە بەشی شێریان لە بێکاری لە وڵاتانە عەرەبیەکاندا بەردەکەوێ هەر لەو توێژەن. دەبێ هەر لێرەشدا جختبکەینەوە کە بەشی زۆرتری بێکاران لەو رێژەیەی کە هەیە هی رەگەزی مێینەیە، کە ئەمەش بۆخۆی وێنەیەکی روونتر دەداتە دەستەوە، کە لە گۆشەبینینی جەندەرە مەسەلەیەکی گرنگە. بە کورتی و بە چڕی، ئەو توێژە، واتە ئەو توێژەی کە تەمەنی لە ژێر بیستوپێنج ساڵدایە، لە سێ بواراندا گرنگە: یەکەمیان، ئەم توێژە چاوی کردۆتەوە لە دونیایەکی جیاواز لەوەی نەوەی پێشوو؛ دووەمیان، دوارۆژێکی باشتری دەوێ لە ئەوەی کە هەیەتی، بە جختکردنەوە لەسەر رۆڵی بێکاری و هەوڵدان بۆ بەدەستخستنی کار و مسۆگەرکردنی خۆشگوزەرانی؛ سێهەمیان، داخوازێ پڕۆژەیەک یا پارادایمێکی جێاواز لەوەی پێشتر، واتە جیهانبینیە

سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانی رژێمە ستەمکارەکانی جیهانی عەرەبی، لەوانەش ناسیونالیزمی عەرەبی، بئافرێنێ. پرۆژەی ئەو نەوە نوێیە زیاتر ئەوەیە کە دەخوازێ خۆی لەگەڵ دونیای دەرەوە ،بە رێگە و ئامرازەکانی گلۆبالیزمەوە، بسازێنێ لە وەلامدانەوەی پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیشدا سوود و هێز و ئەزموون لەو جیهانە وەرگرێ، تەواو بە پێچەوانەی رژێمە ستەمکارەکانی ناوچە کە بەردەوام کاریان کردوە لە پێناو بە دابڕاوی و بە داخراوی هێشتنەوەی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەمەڕ کاریگەریە پۆزەتیڤەکانی گلۆبالیزم.

جێگەی سەرنج و تێڕامانە کە لە بەرهاری عەرەبییدا باس لە "هەڕەشەی ئیسلامی سیاسی" و تێرۆزیمی "ئیسلامی" دەکرێ، بەو مانایەی کە ئەم راپەڕینانە دەستی تیرۆریستە ئیسلامیەکانی لە پشتە وە هەندێک جار بگرە باس لە رۆڵی چالاکانەی ئەلقاعیدە دەکرێ لەم بارەیەوە. دەسەڵاتدارانی ناوچە، بە تایبەتی لەو وڵاتانەی کە راپەڕینی جەماوەریان تیادا رووداوە، لەو شیوە جختکردنەوەیە بەردەوامن، بە مەبەستی وروژاندنی رای گشتی و رەسمی وڵاتانی رۆژئاوا دژی ئەو راپەڕینانە. لە راستیدا جارێکی تر ئەو رژێمانە، هەروەک چۆن لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان ئەوەیان کرد، لە گوتاری بەرەوڕوبوونەوەیان لەگەڵ راپەڕینە جەماوەرییەکان چەکی ئەو بەهانەیان بەکار بردەوە بە مەبەستی شکستهێنان بەو سەرهەڵدانانە. لە راستیدا سەرانی باشووری کوردستانیش هەر بە هەمان ئامانج و بە مەبەستی دێواندنی بەشە علمانییەکەی ئۆپۆزیسیۆن و وروژاندنی رای گشتی و رەسمی، بەهانەی "هەڕەشەی ئیسلامی سیاسی" بەکار دەهێنن. ئەم مەسەلەیە، تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە رووداوەکانی جیهانی عەرەبییەوە هەیە، قسە و گفتوگۆی زۆری لەمەڕ کراوە و لە بەردەوامیشدا گرنگی دەبێت.

لە لایەکی ترەوە، هەر ئێستا بۆچوونێک هەیە لەمەڕ رۆڵ و گرنگی ئیسلامی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی روو لە داهاتوو، کە دەڵێ دەبێ ئێمە هەر لە هەنووکەوە باسی "پۆست ئیسلامی سیاسی" بکەین. بە مانایەکی تر، بە پێی ئەم بۆچوونە، ئیسلامی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رۆژانی زێڕینی خۆی تێپەڕاند و ئەو نەوە نوێیە کە هەڵساوەتە سەرپێ <u>نەوەی ئیسلامی سیاسی</u> نیە، بەڵکو "نەوەی گلۆبالیزمە"، یا هی شتێکی جیایە. بە هەر حاڵ، زۆر نزیک لەو بۆچوونە، دەکرێ هەر نەبێ ئەوە بڵێین کە "ڕادیکالیزمی ئیسلامی" خەریکە برەوی خۆی لەدەستدەدا و ئیسلامی سیاسی رەوتێکی هێورانە، دوور لە بەکاربردنی زەبروزەنگ و دوور لە رادیکالیزمی ئایدیۆلۆژی و سیاسی، بە خۆوە گرتووە و بووەتە باڵادەست لە چوارچێوەی رەوتی ئیسلامی سیاسی لە پانتاییە هەرە فراوانەکەیدا. لە راستیدا موفارەقە (پارادۆکسێک) ئەوەیە کە یەکێک لە هۆیەکانی ئەو پێشوەچوونە، واتە باڵادەستبوونی ئیسلامی میانرەو (تۆ بڵێ هێورانە) هەر ئەزموونی کۆماری ئیسلام ئێرانە کە نەیتوانی تاقیکردنەوەیەکی سەرکەوتوو و پۆزەتیڤ لە ئافراندنی "سیستەمی ئیسلامی". لە راستیدا دەکرێ بڵێین کە تا رادەیەکی زۆر ئەوە راستە کە رژێمی ئیسلامی لە ئێران "سەرکەوتو" بووە لە "ناشیرینکردنی" وێنەی ئیسلامی سیاسی، هەتا بگرە ئیسلام بە گشتی. بەسەرهاتی ئێران رێک ئەو حاڵەتە پشتڕاست دەکاتەوە کە بیرمەندی پاکستانی ئیقبال ئەحمەد بە جوانی گوزارشتی لێکردوە

که دەڵێ "لە هەموو شتێک خراپتر، کە بە سەر هێزە ئیسلامییەکان بێت، ئەوەیە کە جەماوەرێکی زۆر لە خۆیان کۆبکەنەوە کاتێک کە لە دەرەوەی دەسەڵاتن بەڵام دوای گرتنە دەستی دەسەڵات ئەو جەماوەرە دڵشکاوبکەن و لەدەستی بدەن." بەم مانایەش ئاسان نیە ئەزموونی ئێران جارێکی دووپاتببێتەوە، بەڵکو رەوتەکە بە گشتی بەرەو "هێوربوون" و میانڕەوبوونی ئیسلامی سیاسی رێدەکا. ئەمڕۆ لە زۆرێک لە ژینگە سیاسییەکانی جیهانی ئیسلامیدا زیاتر ئاماژە بە ئەزموونی "ئیسلامی سیاسی" لە تورکیا  وەک پۆزەتیڤ و سەرکەوتوو دەکرێ تا ئەزموونی کۆماری ئیسلامی ئێران. من وای دەبینم کە رەوتی ئیسلامی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو ئەوە دەچێ، وەک ئەوەی کە سامی زوبەیدە پێیدەڵێ رەوتی "نۆرماڵبوون و گونجاندن – routinization"[3] لەگەڵ پرۆسە سیاسییەکاندا تا دەرکەوتن وەک رەوتێکی دژبەر لەڕاست ئەو پرۆسەیە. بەڵام ئەوەی دەبێ بخرێتە سەر بۆچوونی زوبەیدە ئەوەیە کە ئەم گۆڕانکاریە یەک سەرە (یەک لایەنە) نیە بەڵکو بە هەمان شێوە هێزە علمانییەکانیش، لێرە و لەوێ، هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەی کە دەکرێ هیزە ئیسلامییەکان بەشیک بن لە پرۆسە سیاسییەکانی ئافراندن و بەڕێوەبردنی سیستەمی سیاسی. ئەوە خۆی لە خۆیدا دەتوانێ دیاردەیەکی ئەرێنی (پۆزەتیڤ) بێت وە بخرێتە چوارچێوەی ئەو بۆچوونەی کە دەمێکە هەندێک لە توێژەران ە تایبەتی رۆژئاوایی) جختیان لێ کردۆتەوە، ئەوەی کە پرۆسەی دیموکراتیزەکردن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرکەوتوو نابێت بەبێ بەشداریکردنی (یا بەشدارییپێکردنی) ئیسلامی سیاسی. هەڵبەتە، بە جختکردنەوە لەوەی کە مەبەست ئەو بەشەی ئیسلامی سیاسییە کە تەبەنناى مێتۆدی ئاشتیانە لە خەبات، فرەڕەنگی سیاسی و هەمەڕەنگی ئایدیۆلۆژی دەکات؛ بە شێوەیەکی گشتی پلورالیزمی ئایدیۆلۆژی و سیاسی لا پەسەندە. ئەوەش زۆر گرنگە جختبکەینەوە کە ئەم باوەڕە، واتە بەشدارییپێکردنی ئیسلامی سیاسی میانڕەو لە پرۆسە سیاسییەکاندا، ئەمڕۆ بە زۆر هۆوە لە جیهانی رۆژئاواش، واتە لە سیاسەتی رەسمی وڵاتانی رۆژئاوادا، بە تایبەتی ئەمریکا، بەرجەستەیە.

پرسیارێکی گرنگ ئەوەیە کە ئایا ئەو سەرهەڵدانانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو کوێ دەچن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسان نیە، لەبەر هۆیەکی سادە ئەویش ئەوەیە کە هێشتان رووداوەکان لەسەرپێن. بە هەر حاڵ، ناکرێ تەنها باس لە یەک دانە ئاراستە لەو رووداوانەدا بکرێ، بەڵکو ئەگەری هەرە بەهێز ئەوەیە کە سەرهەڵدانەکان رەوت و ئاراستەی جودا جودا وەرگرن و بە دەرهاوێشتەی جودا جودا تەواو ببن. لانیکەم، هەندێک لە توێژەران گفتوگۆیان لە سەر ئەو پرسیارە کردوە و دەتوانین باس لە دوو ئاراستە بکەین لە ناو ئەو توێژەرانەدا: یەکێکیان ئەو  ئاراستەیەیە کە پێیوایە ئەم راپەڕینانە بەرەو ئاراستەیەکی دیاریکراو (somewhere) گوزەردەکەن، واتە راپەڕینەکان ئامانجێکی دیاریکراو دەپێکن، کە ئەویش بەر لە هەر شتێک گەیشتنە بە سیستەمی دیموکراتی. بە مانایەکی تر مەبەستی ئەو راپەڕینانە هەر ئەوە نیە کە رژێمە ستەمکارەکان بڕوخێنن، بەڵکو وەک ئەلتەرناتیڤ سیستەمێکی دیموکراتیش بئافرێنن؛ دووەمیان، ئەو ئاراستەیەی

[3] ئەم ووشەیە، کە زیاتر چەمکێکی سۆسیۆلۆژیە ، بەرامبەرێکی پڕ بە پێستی لە زمانی کوردیدا نیە هەر لەبەر ئەوەش بە وەرگێڕانێکی تەقریبی دەکرێ، وەک پرۆسە، بڵێین "گونجاندن و نۆرماڵبوون".

کە دەڵێ، بەڵێ ڕاستە جەماوەری وڵاتانێک هەستاونەتە سەرپێ بەڵام مەرج نیە ئەلتەرناتیڤێکی کامڵ و پێگەییشتوویان پێبێ. کەوابوو، بە پێی ئاراستەی دووەمیان ڕاستە ئەو ڕاپەڕینانە مەبەستیان (یا هەرنەبێ مەبەستی زووربەیان) ڕووخاندنی ڕژێمە ستەمکارەکانە، بەڵام مەرج نیە هەڵگری ئەلتەرناتیڤێکی دیاریکراو بن، کەواتە بەبێ ئاڕاستەیی (nowhere) گوزەردەکەن.

جگە لەو دوو ئاراستەیە، باشتر وایە لە گۆشەبینینی فرەڕەنگی ئایدیۆلۆژی و سیاسییەوە گوزارش لەو ڕاپەڕینانە بکرێ و بەو مانایەش باس لە سیناریۆی جودا جودا بکەین: لە ڕاستیدا دەکرێ بڵێین کە لەناو هەناوی ئەو سەرهەڵدانانەدا پڕۆژەی جۆراوجۆری علمانی، ئیسلامی، لیبراڵ-دیموکراسی و هی تر جێگەیان بۆتەوە. دیارە سیناریۆیەک دەکرێ ئەوەبێ کە هەرنەبێ بەشێک لەو ڕاپەڕینانە لە لایەن، بۆ نموونە، دامەزراوەی سەربازیەوە وەیا لە لایەن هاوپەیمانیەک (لە نێوان دامەزراوەی سەربازی و ڕەوتێکی ئایدیۆلۆژی-سیاسی)یەوە "بدزرێ"، ڕێک لە چوارچێوەی ئەو دیاردەیە سیاسییەی کە لە مێژوودا بە دیاردەی "دزینی شۆڕشەکان" ناسراوە. لە ڕاستیدا هەر لە ڕۆژانی سەرەتای سەرهەڵدانەکانی تونس و دواتریش میسر، من ترسێکم هەبوو لەوەی ئەو سەرهەڵدانانە لە لایەن دامەزراوەی سەربازییەوە یا بە یارمەتی ئەو دامەزراوەیە بدزرێن. لە ڕاستیدا ئەوەی لە تونس لە ساڵی 1987دا ڕوویدا ڕێک دزینی ( یا دەستبەسەرداگرتنی) ڕاپەڕین بوو لەلایەن (زەینەلعابدین بن عەلی)ەوە، هەڵبەتە بە یارمەتی و پشتگیری دامەزراوەی سەربازی و هەواڵگیرییەوە وە بە قەبولێکی، هەر نەبێ زیمنی، وڵاتانی ڕۆژئاواوە، بە تایبەتی ئەمریکا. بە تەسەوری خۆم ئەگەر ڕاپەڕینە جەماوەریەکەی میسر هەر زوو نەدزرابێت، لە لایەن دامەزراوەی سەربازی و گاردی کۆنەوە، ئەوا لە باشترین حاڵەتدا هێشتان ئەگەری دزرانی ئەو ڕاپەڕینە هەر لە ئارادایە. ڕاستە خەڵکی میسر بەرەو ڕێفراندەم چوون بۆ نوێکردنەوەی دەستوور، بەڵام ئێستاش مەترسی دزرانی *ئاراستەی ئەو شۆڕشە* هەر ئەگەرێکی کراوەیە: هێشتا ئەو شۆڕشە بە ئاکام نەگەییشتووە؛ لە پڕۆسەیەکی ئاڵۆزدایە کە تیایدا (واتە لەو پڕۆسەیەدا) زۆر هێز و توانای ئایدیۆلۆژی و سیاسی جودا جودا هەن کە لە بەرانبەر یەکتر لە ململانێدان.

بە بۆچوونی من ئەو گفتوگۆیەی سەرەوە گرنگە بە پەیوەندی لەگەڵ ڕووداوەکانی (خۆپیشاندانەکانی) باشووری کوردستان: ئایا ئەوەی باشووری کوردستان بەرەو ئاسۆیەکی دیاریکراو دەچێ واتە (somewhere)ە یا ئاسۆیەکی دیاریکراوی نیە واتە (nowhere)ە وە یا ئەسلەن شتێکی ترە و پێویستی بە ڕۆشنایی تایبەتی هەیە بۆ باسکردن لە سیناریۆی تر؟

## باشووری کوردستان: لە کوێوە، بەرەو کوێ

سەرەتا دەبێ زۆر بە کورتی و بە چڕی پەنجە ڕاکێشین بۆ هەندێ مەسەلەی گرنگ کە پەیوەندیدارن بە مومارەسەرکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن کورد خۆیەوە، یا ڕاستتر بڵێین لە لایەن یەکێتی و پارتیەوە، لە بیست ساڵی ڕابردوودا. بە تەسەووری خۆم

کۆمەڵێک خاڵ هەن پێویستیان بەوەیە کە ڕۆشناییان بخرێتە سەر، بەڵام لەبەر کەمی کات تەنها پەنجە بۆ هەندێ دیاردەی ئەو دەسەڵاتی خۆماڵییە رادەکێشم. خاڵێکیان، کە بەر لە نزیکەی دوو ساڵ لە بابەتێکمدا[4] باسمکردوە مەسەلەی پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی باشووری کوردستانە. بە پێی ئەو بۆچوونەم، هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، دەسەڵاتی باشووری کوردستان بە شێوەیەکی زۆر ئاڵۆز لە دوو بەش پێکهاتووە: یەکێکیان دەسەڵاتی ڕەسمی و ئەوەی تریشیان دەسەڵاتی "ناڕەسمی – شاردراوەیە"[5]: دەسەڵاتی ڕەسمی لە حکومەت و پەرلەمان و دامەزراوە ڕەسمییەکانی تری دەسەڵات پێکدێت، بەڵام دەسەڵاتی شاردراوە بە شێوەیەکی سەرەکی لە دەسەڵاتە "ناڕەسمییەکەی" دوو هێزە سیاسییە سەرەکیەکە، پارتی و یەکێتی و بنەماڵە و کەسە دەستڕۆیشتووەکانی ئەو دوو هێزە سیاسییە و مومارەسەرکردنی ئەو دەسەڵاتە لە ڕێگەی کۆمپانیاکانیان و کۆنتراکت و چالاکیە نەوتیە ناڕەسمی (تۆ بڵێ نایاساییەکان) و زۆر شێوەی تر پێکدێت. لە راستیدا لەبەر ئەوەی ئێستاش دیاردەی دوو ئیدارەیی (پارتی و یەکێتی) هەر هەیە، بە هەمان شێوە دوو دەسەڵاتی شاردراوەش هەن: هەروەک چۆن دەسەڵاتی ڕەسمی لە نێوان ئەو دوو هێزە باڵادەستەدا دابەشکراوە، دەسەڵاتی شاردراوەش بە هەمان شێوە دابەشکراوە؛ هەر یەکەیان خاوەن کۆمپانیا و بواری جۆراوجۆری وەبەرهێنان و چالاکییە ئابوورییە "ڕەشەکانی" خۆیانن. بە پێی ئەو پێکهاتە ئاڵۆزە، وەزیر پێش نێوەڕۆ وەزیرێکی ڕەسمی دەسەڵاتی کوردییە، کەچی دوای نێوەڕۆ هەمان وەزیر خەریکی قاچاخچێتیکردنە بە نەوتەوە یا خەریکی چالاکیە ئابووریە ناڕەسمییە "ڕەشەکان" (یا تۆ بڵێ شاردراوەکان)ە. لە کوردستان دەسەڵاتی شاردراوە حوکمی هەیە بەسەر دەسەڵاتی ڕەسمیدا. لەوەش خراپتر دەسەڵاتی شاردراوە خەریکی چالاکی مافیاییە، کەچی لە لایەکی ترەوە مامەڵە بە سیاسەتی نەتەوەیی و مەسەلە ستراتیژییە کوردستانییەکانەوە دەکات وە دەیانخاتە خزمەت بەرژەوەندییەکانی خۆی. لە راستیدا مەسەلەی نەتەوەیی وەک کۆمپانیایەکی زەبەللاح وایە کە دەسەڵاتی شاردراوە "وەبەرهێنانی" تیادا دەکات. ئەم دیاردەیە زۆر لەوە ترسناکترە کە بتوانین تەنها لە چوارچێوەی چەمک و دیاردەی گەندەڵیدا سنووورداری بکەین. دەبێ لە ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەدا، ووشەی گەندەڵی لە چوارچێوەی زەمەنی و مەکانی زۆر تایبەتدا، کە لەم حاڵەتەدا دەسەڵاتی سیاسی باشووری کوردستانە لە بیست ساڵی رابردوودا، فراوانبکرێ و تێگەیشتنی بۆ بکرێ. لەو فراوانکردنەی چەمکی گەندەڵیدا دەبێ باس لە لایەنە ترسناکەکانی ئەو شیوەیە لە گەندەڵی بکەین، کە لە زووربەی ئاستەکانی چالاکیە کۆمەڵایەتی، ئیداری و سیاسییەکاندا ڕەگوڕیشەی داکوتیوە، وە جختبکەینەوە کە گەندەڵی بە پێی ئەو تێگەیشتنەی سەرەوە پشتشکێنە بۆ دۆزی سیاسی کوردستان لە ڕەهەندە ناوخۆیی، عیراقی، (واتە پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی هەرێمی

---

[4] بڕوانە د. بورهان یاسین، "باشووری کوردستان دوای 2009\7\25: ئەرهەژی سیاسی و ئەگەرەکان بەڕووی داهاتوودا" لە:
www.burhanyassin.com

[5] دەسەڵاتی شاردراوە لە حاڵەتی تورکیا پێیدەگوترێ دەوڵەتی قوڵ، کە زیاتر پێکهاتەیەکی مافیاییە. بەم پێوەرە، دەکرێ بڵێین دەسەڵاتی شاردراوە لە باشووری کوردستان ڕێک دەکاتە دەوڵەتی قوڵ. لە کوردستان دەسەڵاتی شاردراوە حوکمی بەسەر دەسەڵاتی فەرمی یا خود ڕەسمیدا هەیە، هەروەک چۆن لە تورکیاش ئەم حاڵەتە هەیە.

کوردستان بە بەغداوە)، ئیقلیمیی و نێونەتەوەییەکان. چونکە لەو چوار ئاستەدایە کە دیاردەی گەندەڵی خەریکە پشتی بزاڤی سیاسی کورد و پرسە ڕەواکەی دەشکێنێ. لە ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەدا، ئەمڕۆ مەسەلەی کورد لە بەغدا دوو مەسەلەیە یەکێکیان مەسەلەی ڕەوای نەتەوەیەکە، بەڵام ئەوی دیکەیان مەسەلە و سەرئێشەی تاقمێکە کە چاوبرسی و تەماحی پارە و دەسەڵاتە (لە دەرەوەی پڕۆسە ڕەسمیە ئابووری و دیپلۆماسی و سیاسیە ڕەسمیەکان) و لەسەر حسێبی دۆزە ڕەواکەی کوردستان دەژیێ. لەوە خەراپتر ئەو تاقمە سواری ملی ئەو مەسەلە ڕەوایە بووە و بە ئاقاری زۆر مەترسیداردا دەیبات، تەنیا مەبەست و ئامانجیش تێرکردنی چاوبرسێتی تاقمەکە خۆیەتی.

ئەوەی لە کوردستان لە بیست ساڵی ڕابردوودا بەرهەمهاتووە لە باشترین حاڵەتدا لاساییکردنەوەیەکی کرچوکاڵی سیستەمی سۆڤیەتی و دەوڵەتە پۆلیسییەکانە. لەوەش خەراپتر، دووپاتبوونەوەی ئەزموونی دەوڵەتانی (یا ڕاستتر بڵێین شێخنشینەکان)ی خەلیجە. بە مانایەکی تر ئەوەی لە باشووری کوردستان هەیە بەرماوەیەکی کرچوکاڵە لە سیستەمی سۆڤیەتی وە هەروەها سەرەتای سەرهەڵدانی نەموزەجی خەلیجیە لە ڕێکخستنی سیستەمی سیاسی، بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و چالاکیە ئابووریەکان...هتد. کردنی هەولێر بە دوبەی مەبەستێکی (باسنەکراو و شاردراوەی) سیاسی پەیوەندیدار بە سیستەمی سیاسی و شێوازی بەڕیوەبردنی کۆمەڵگا لەخۆ دەگەرێت ئەگەرچی ئەو کەرەکتەرە سیاسیانەی کە دەیانەوێ هەولێر بکەن بە دوبەی، بە ئاشکرا ئەو لایەنەی مەسەلە دەرنابڕن. بە پێی خوێندنەوەی خۆم ئەو قسەیە (واتە کردنی هەولێر بە دوبەی)، یانی کتومت کردنی دەسەڵاتی باشووری کوردستان بە شێخنشین (مشیخە)یە، لەسەر شێواز و ڕێگوزەری شێخنشینەکانی کەنداو کە بنەماڵە تێیدا حاکم بێ، حزب تێیدا داردەستی سەرۆکەکان و بنەماڵە بێت و دەوڵەتیش داردەستی حزب بێت، بەم مانایەش حزب و دەڵەت داردەستی سەرۆک بن. لەبەر ئەوە، ئەو حاڵەتەی لە باشووری کوردستان هەیە لەگەڵ گەوهەری سیستەمی دیموکراتی و دەوڵەتی یاسا و ئەنجامدانی ریفۆرمی رادیکاڵانە لەو دوو ئاراستەیەدا یەکانگیر نیە، ئەستەمیشە ببێ. (لە ڕاستیدا پارتی دیموکراتی کوردستان، دوای شەست ساڵ لە بوونی، لە کۆنگرەی 13یدا، بە توندی بوو بە حزبی "شێخنشین". لە کۆمەڵێک هێماو ئاماژە و خەملاندنی سەرکردایەتیدا ئەو حزبە نەک هەر نیشانیدا کە ناتوانێ حزبی پێداویست و گۆڕانکارییەکانی سەدەی بیستویەک بێت بەڵکو بەو هێما و ئامازانەی کە لە کۆنگرەکەدا دەرکەوتن، بە توندی گەڕایەوە بۆ سەدەی بیستەم و بگرە بۆ سەدەی نۆزدەهەمیش).

لە لایەکی ترەوە لە ساڵی 2009 شتێکی گرنگ لە باشووری کوردستان ڕوویدا، ئەوەی کە من پێیدەڵێم "ئەرزهەژی سیاسی"، واتە هەڵبژاردنەکانی 7/25ی ئەو ساڵە کە دەرهاوێشتەیەکی هەرە گرنگی دەرکەوتنی گۆڕان بوو وەک کەراکتەرێکی سیاسی گرنگ وە بە 25 نوێنەرەوە چووە ناو پەرلەمان. لە ڕاستیدا ئەو ئەرزهەژە سیاسییە ڕووداوێکی تریشی بە دوادا هات کە ئەو خۆپیشاندانانە بوون کە لە 2/17 دەستیان پێکرد، کە دواتر

بە سەرکوتکردنێکی پۆلیسیانە، لەلایەن دەسەڵاتێک کە هەڵگری عەقڵیەتی دەوڵەتی پۆلیسیە، کۆتاییبیان پێهات.

## دەسەڵات، ئۆپۆزیسیۆن، شەقام: رووداو و سیناریۆکان

سەرەتا دەمەوێ بڵێم کە یەکێک لە شتە هیوابەخشەکانی ئەو خۆپیشاندانەی باشووری کوردستان ئەوەیە کە ئەو سەرهەڵدانە هی نەوەیەکی نوێیە، نەوەی راپەڕین، لە راستیدا دووجار نەوەی راپەڕین: یەکێکیان ئەوەیە کە ئەو نەوەیە لە ساڵی راپەڕینی 1991 یا لە دەورووبەری ئەو ساڵە لە دایکبووە، ئەوەی تریشیان ئەوەیە کە ئەو نەوەیە زەخیرە و وزەی هەرە سەرەکی راپەڕینی (2011 - واتە خۆپیشاندانەکانی 17ی فیبروەری تا 19ی ئەپریل) بووە. هەر وەک لە هەندێک ووتار و چاوەپێکەوتنندا ئاماژەم پێکردوە، ئەو نەوەیە لە رووی چۆنایەتیەوە جیاوازای زۆرە لەگەڵ نەوەی کۆن (واتە نەوەی شاخ و خەباتی چەکداری و ئۆتۆنۆمیخواز). لە راستیدا ئەو نەوەیە (یا هەر نەبێ بەشێکی زۆری) نامۆن بەو دەسەڵاتە؛ ئەوانە ناخوازن لە دەسەڵاتێکی گەندەڵدا بەنەتەوەبوونی خۆیان (بە مانای هاوڵاتیبوون لە قەوارەیەکی نیشتمانیدا) ببێننەوە و بەرجەستەی بکەن، بەڵکو دەخوازن لەڕێگای دەسەڵاتیک بە مانای ووشە دەسەڵاتی یاسا و یەکسانی کۆمەڵایەتی و دیمۆکرات بە نەتەوە و هاونیشتمانی ببن.

هەوەڵین ئەگەرێک کە من هەر زوو لەسەرەتای دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانەوە باسم لێوەکرد ئەوەبوو کە پێموابوو دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان دوور نیە لە حوکمڕانانی تونس و میسر و یەمەن و سووریە و لیبیاش دوورتر بڕۆن، لە پێناو دامرکاندنەوەی خۆپیشاندانەکان. من لەم بۆچوونەمدا مێژووی ئەو دەسەڵاتدارانە، کە زۆریش خوێناویە (بە خوێنی کورد بە کورد بەکوشتدان، یا گەر حەز بکەی بڵێی کورد کوشتن)، دەکەمە پێوەر. جگە لەمەش، ئەو بۆچوونە لە راستیەکی تریش پێهەڵدەگرێ ئەویش ئەوەیە کە دەسەڵاتی باشووری کوردستان ئێستاش، بە شێوەیەکی ئاڵۆزتر لە جاران، دو ئیدارەیە و ترسێکی گەورەش هەر لە سەرتای خۆپیشاندانەکان ئەوە بوو کە جارێکی تر ئەو دوو ئیدارەییە (لەسەر بنچینەی دوو یەکەی جوگرافی) بێتەوە گۆڕێ، بە تایبەتیش هەر زوو هەندێ هێما هەبوون لەوەی کە یەکێک لە سیناریۆکانی بەردەمی پارتی جیاکردنەوەی سلێمانی بوو، لە حاڵەتێکدا ئەگەر سیناریۆکانی تر سەریان نەگرت و پارتی لەوە پشتڕاست بوو کە خۆپیشاندانەکان هەولێر و بەهدینانیش دەگرنەوە. هەر زوو دوای دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان فەلەکەدین کاکەیی، کەسە هەرە "کوردستانییەکەی" نێو پارتی دیموکراتی کوردستان، لە رۆژنامەی *(رووداو)*، بە مانشێتێکی گەورە دەڵێ "با ئۆتۆنۆمی بدرێتە سلێمانی" *(رووداو*، 28\2\2011 ). ئەمە قسەی هەر کەسێک نیە و هێمایەکی زۆر مەترسیدارە، ئەوەشمان پێدەڵێ کە دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان ئامادە بوون بە مەبەستی تێکشکاندنی ئەو بزاڤە جەماوەرییە زۆر دوور بڕۆن و هەر هەڵوێستێکی نانەتەوەیی و نابەرپرسانە بگرنە بەر، لەوانەش سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی باشووری کوردستان بۆ دوو جوگرافیای سیاسی، نەک هەر لە یەکتر دابڕاو بەڵکو دوژمن بە یەکتر بە حەددی یەکتر کوشتن، هەر وەک یەکتر

کوشتنەکانی نەوەدەکان؛ یەکترکوشتنێک کە ئاڕاستە تیایدا سڕینەوەی بەتەواوەتی "ئەویتر" لە نەخشەی سیاسی دەبوو.

شتێک کە بە باوەڕی من نە ئۆپۆزیسیۆن و نە شەقامیش (هەر نەبێ بە ئاشکرا و تا ئەو جێگەیەی من ئاگادارم) حیسابی باشیان بۆ نەکردبوو ئەوەبوو کە یەکێک لە سیناریۆکانی پارتی، بۆ کۆتایی هێنان بەو هەلومەرجە لە قازانجی خۆی و لە زەرەری ئۆپۆزیسیۆن و بزاڤی شەقام، ئەوە بوو کە نێچیروان بارزانی وەک ئەلتەرناتیڤی بەرهەم سالح بە "پاکێجێکی" چاکسازییەوە وەک فریادڕەس و هەڵگری چارەسەریی ئەو هەلومەرجە، تەرح بکات.[6]

سیاسەتی دەسەڵات روو بە شەقام و ئۆپۆزیسیۆن زیاتر خۆی لە شەری (ئیستینزاف)دا دەبینێتەوە تا سیاسەتێک کە مەبەست لێی چارەسەری ئەو قەیرانە قوڵ و هەمەلایەنە بێت کە باشووری کوردستان دەمێکە دووچاری بۆتەوە و لە ماوەی دوایشدا هەندێ رەهەندی نوێی بەخۆوە گرتووە. یەکێک لە بەشەکانی ئەو شەڕە سیاسەتی "پارچەکردن و کۆنترۆڵکردن، واتە پارچە پارچەی بکە بۆ ئەوەی بتوانی کۆنترۆڵی بکەیت" بووە. دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی نەک هەر هەوڵی جددی داوە بۆ لەیەکتر دابڕاندنی ئۆپۆزیسیۆن و شەقام بەڵکو هەوڵی بێووچانیشی داوە بۆ لەیەکتر جیاکردنەوەی پێکهاتەکانی هەر یەکێ لە شەقام و ئۆپۆزیسیۆن. لەم حاڵەتەدا، بە رادەی یەکەم ئۆپۆزیسیۆن بەرەورووی تەحەددا و تاقیکردنەوەیەکی سەخت بۆتەوە. دیارە یەکێک لە ئامرازە کاریگەرەکانی دەسەڵات بۆ لێکدابڕینی پێکهاتەکانی ئۆپۆزیسیۆن دیواندن و ناشیرینکردنی هێزە ئیسلامیەکانی ناو ئۆپۆزیسیۆنە و وێناکردنیانە وەک مەترسی بۆ سەر "ئەزموونی دەسەڵاتی کوردی" و بەو شێوەیەش ئیحراجکردنی بزاڤی گۆڕانە. لە لایەکی ترەوە ئەگەر لە هەوڵەکانی دێواندنی ئیسلامییەکان سەرکەوتوو نەبوو ئەوا دوور نیە هەوڵی ئەوە بدات کە هەر دوو هێزە ئیسلامییەکەی ناو ئۆپۆزیسیۆن بەشداری لە حکومەتدا بکەن و بەم شێوەیەش گۆڕان بە تەنیا بە دابڕاوی بمێنێتەوە. یەکێکی تریش لە پێکهاتەکانی ئەو سیاسەتە ئەوەیە کە لە گفتوگۆ و دانوستاندن، تەنها کەمێک بدات (واتە کەمێک تەنازول بکات) کە تەنێ تێری ئەوە بکات کە شەقام و ئۆپۆزیسیۆن وە بگرە پێکهاتەکانی ناو بزاڤی شەقام و هێزەکانی ناو ئۆپۆزیسیۆن لە یەکتر داترازێنێ.

لە بارەی پەیوەندییەکانی ئۆپۆزیسیۆن و شەقام دەتوانین بڵێین کە هەڵوێستی ئۆپۆزیسیۆن بەرامبەر شەقام وە پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەو بزاڤەدا هەندێک موفارەقە (پارادۆکس)ی لەخۆ گرتووە: لە لایەکەوە ئۆپۆزیسیۆن پێیخۆشە لە رێگای خۆپیشاندانەکان فشار لەسەر دەسەڵات زێدە ببێت، بەڵام بە مەرجێک ئەو شەقامە ئەوەندە سەربەخۆ نەبێت کە ئۆپۆزیسیۆن نەتوانێ سوودی لێوەرگرێ لە داڕشتنەوەی

[6] ئەم بۆچوونەم هەر لە سەرەتای خۆپیشاندانەکاندا لە هەندێک پەیوەندی و پەیوەستەگی تایبەتدا خستۆتە روو. هەر لێرەش دەبێ بگوترێ کە دواتر، وە دواتریش لە مێژووی ئەم کۆنفرانسە، ئەم سیناریۆیە بە پاکێجی بە ناو "چاکسازیەکەی" مەسعود بارزانی تەواو بوو. جا لێرەدا پرسیاری ئەوەی ئایا ئەو سیناریۆیە تەسەوورکراوە بۆ بە مەسعود بارزانی تەواو بوو وە بۆ نێچیرڤان بارزانی نا، گفتوگۆی زیاتر هەڵدەگرێ و دەبێ زیاتر لە رۆشنایی پەیوەندیەکانی نێوان (یە راستتر بڵێین ململانێکانی) نێوان کەرەکتەرەکانی بنەماڵەی دەسەڵاتدار شیبکرێنەوە تا هەر شتێکی تر.

هاوکێشەی پارسەنگی هێز لە نێوان خۆی و دەسەڵات. هەوڵی باڵادەستبوونی ئۆپۆزیسیۆن، بە گشتی، وە هەر یەکێکیش لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بە تەنیا (واتە بۆ خۆی) لە ناو خۆپیشاندانەکاندا و ئەو ئاراستەیەی وەریدەگرێ یەکێک بوو لە موفارەقەکان، لەسەر ئەو باوەڕەی کە گەشەکردنی هێزی شەقام لە پانتاییێکی تەواو سەربەخۆدا دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوەی کە دەستپێشخەری سیاسی لەدەست ئۆپۆزیسیۆن دەربچێ. بە هەر حاڵ ئیدارەدانی ئەو ئیشکالیەتانە و هی تریش ئاسان نەبووە بۆ ئۆپۆزیسیۆن و لە داهاتووشدا ئاسان نابێت: ئەمە تاقیکردنەوەی یەکەمە لەو جۆرە، کە لە ئەزموونی سیاسی باشووری کوردستاندا روو دەدات، کە تیایدا جگە لە بوونی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن "رەوتێکی" تریش خۆی نواند لەسەر پانتایی سیاسی، واتە شەقام. بە کورتی و بە چڕی هەڵسانی شەقام لە باشووری کوردستان (هەڵبەتە سنووردار بە ناوچەیەکی دیاریکراو) تەنها بۆ دەسەڵات تەحەددا نەبوو، بەڵکو تاقیکردنەوەیەکی جددیش بوو بۆ ئۆپۆزیسیۆن. بە زیندویی مانەوەی شەقام، یا هەر نەبێ بە کراوەیی مانەوەی ئەگەری دەسپیکردنەوەی خۆپێشاندانەکان لە هەر کاتوساتێک، زۆر پێویستە ئەگەر چاوەڕوانیمان هەبێ دەسەڵات هەندێ ریفۆرمی گرنگ ئەنجامبدا، ئەگەرنا هێزوتوانای ئۆپۆزیسیۆن (لەوانەش کاری پەرلەمانی) بەتەنیا تێری ئەوە ناکات بۆ ئەوەی دەسەڵات والێبکات هەندێ ریفۆرمی ریشەیی ئەنجامبدا... کۆمەڵێک سیناریۆی تریش هەن کە دەکرێ مرۆڤ باسیان بکا، بەڵام من لێرە قسەکانی خۆم دەبڕمەوە، بە هیوای ئەوەی کە دەرفەتێکی تر هەڵکەوێ، لەو بیست دەقیقەیەی تر کە هەمانە بۆ بەشی پرسیار و وەڵام، دە خزمەتتاندا بم و گفتوگۆ بکەین...

------------------------------

## بەشی دووەم: گفتوگۆ

* لە پرسیارەکەی کاک ئازادەوە دەست پێدەکەم کە دەڵێ: ئایا کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای ئەو شەپۆلەی گۆڕانکارییە بە رەو کوێ دەچن؟

جارێ با بەوە دەست پێبکەین کە ئایا مەبەستی پرسیارەکەت کوردستانی گەورەیە یا باشووری کوردستانە؛ رەنگبێ زۆرتر مەبەستت باشووری کوردسان بێ. بە هەر حاڵ، زیاتر لە رۆشنایی باسەکەی خۆم وەڵامی پرسیارەکە دەدەمەوە. یەکەم، جارێ زۆر گرنگە ئێمە گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە رووداوێکی سادە دەربکەین و وەکو _دیاردە_ بیانبینین. هەروەها پشوودرێژیشی دەوێ بۆ ئەوەی ئاکامی (یا رەستتر بڵێین ئاکامەکانی) ئەو سەرهەڵدانانە ببینین. ئەم دیاردەیە نە سبەینێ و نە لە ماوەیەکی کورتیشدا کۆتایی دێت. ئەم "دیاردەیە" گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی هەمە رەهەندییە کە کۆمەڵێک مەسەلەی

زۆر جددی بە خۆوە گرتووە (لەم کۆنفرانسەشدا باسوخواس لەمەڕ ڕەهەندی جۆراوجۆری ئەو دیاردەیە کرا). ئەوەی دەمێنێتەوە، تا ئەو جێگایەی کە باسەکە دەربارەی باشووری کوردستانە، بە باوەڕی من قەیرانێکی قووڵی زۆر جددی هەیە و کۆمەڵێک کەراکتەر تیایدا چالاکن کە لە دوای 17ی فێبروەری (واتە دوای جووڵانەوەکەی شەقامی کوردستان) ئەو کەراکتەرانە لە پێکهاتەیەکی دوو جەمسەریەوە (دەسەلات و ئۆپۆزیسیۆن) بوونەتە سێ جەمسەری (دەسەلات، ئۆپۆزیسیۆن وە بزاڤی شەقام). بە هەر حاڵ هاوکێشە سیاسییەکە لەوەش ئالۆزترە چونکە ئۆپۆزیسیۆنیش دوو قووتبی ئیسلامی و وغەیرەئیسلامی تیایە. جگە لەمە، پەیوەندیەکی ئالۆزیش لە نێوان شەقام و ئۆپۆزیسیۆن بەدیدەکرێ کە دەبێ ئێستاو لە داهاتووشدا ئەو پەیوەندییە و شێوازی ئیدارەدانی بە هەند بگیرێ.

* پرسیارێکی تر ئەوها کرا: ئایا ئەلتەرناتیڤ و چارەسەری چییە؟

بە باوەڕی خۆم دوور نەڕۆیشتووم ئەگەر بڵێم باشووری کوردستان بەرەو رووی دوو مەسەلەی بنچینەیی بۆتەوە، یەکێکیان کێشەی سیستەم و دەسەلاتی سیاسییە لە ناو خودی "هەرێمی" کوردستان وە ئەوەی تریشیان ستراتیژی-سیاسییە کە ئەویش زیاتر گوزارشە لە چارەنووسی باشووری کواردستان لە پەیوەندییە چارەنووسسازەکانیدا روو بە بەغدا و دەوڵەتی عیراق. ئەوەی تێبینی دەکرێ، هەر نەبێ تا ئێستا، کێشمەکێشمەکان لە گوتاری ئۆپۆزیسیۆن و گوتاری شەقامدا روو بە مەسەلە ستراتیژییەکە وروژاندنێکی تەواو نوێ بەدیناکرێ، هەرچەندە هەندێک لە کەرەکتەرە گرنگەکانی بزاڤی شەقام مەسەلەی سەربەخۆیی باشووری کوردستانیان هێناوەتە دەنگ. لە لایەکی ترەوە، دەکرێ ئەو نەوەیەی راپەڕین، کە لە سەرەوە ئاماژەم پێدا، لە ناواخنیدا هەڵگری گۆڕانکاری بنەڕەتی بێت لە ئاستە ستراتیژییەکەی سیاسەتدا، واتە چارەنووسی باشووری کوردستان روو لە دەوڵەتی عیراق. هەرنەبێ ئەو نەوەیە خاوەنی ئەو توانایە کۆمەلایەتییە و فاکتەرە کولتوریەیە، کە دەکرێ ببێتە سەرچاوەی پرۆژەی گۆڕانکاری لە دروشمە ستراتیژییەکاندا لە فیدراڵیەوە بۆ جیاکردنەوە و سەربەخۆیی بەتەواوەتی باشووری کوردستان لە عیراق. نەوەی نوێ بە زمانی عەرەبی، کولتووری عەرەب و شوناسی عیراقی نامۆیە و شانازی بە زانینی زمانی عەرەبیەوە ناکات هەروەک زۆربەی سەرکردەکانی نەوەی کۆن دەیکەن وە شانازایش بە شیعری عەرەبیەوە ناکات، هەروەک بۆ نموونە مام جەلال بە شعری جەواهیری و شاعیرەکانی تری عەرەبەوە دەکات. ئەم نەوەیە ئەمرۆ ناتوانێ لە گەڵ (یا راستتر، لە ناو) عیراقی عەرەبیدا سیاسەت بکات وە لە دەورە داهاتووەکانی پەرلەمانی عیراق ناتوانێ بە پێی پێویست نوێنەرایەتی خۆی و کورد لەو پەرلەمانەدا بکات، لەبەر هۆیەکی زۆر سادە ئەویش ئەوەیە کە لە ئامرازی سیاسەتکردن بێبەشە کە ئەویش زمانی عەرەبییە. لە راستیدا ئەگەر تا ئێستا زمانی کوردی لە پەرلەمانی عیراقدا بەکاریش هاتبێ بۆ "جوانی" و خۆنواندنی لایەنی کوردی بووە، ئەگەرنا ئەوەتا دوای بیستساڵیش لە خۆبەڕێبردن، پەرلەمانی کوردستان ئێستاش هەندێک لە یاساکان بە عەرەبی یا "کوردیەکی پڕ لە هەلەی زمانەوانی" دەردەکا. ئەوەتا بەشێکیش لە وەلامی پڕۆژەی

دەسەڵات بۆ ئۆپۆزیسیۆن بە زمانی عەرەبییە.[7] بە مانایەکی تر ئەم نەوەی نوێیە ئاسەوارێکی نەتەوەی سەردەستی پێوە نییە، بۆیە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی هەر چوار پارچەی کوردستان پۆتێنسیالێک (توانای شاردراوە)ی ئاوها گەورە لە نێو ئەو نەوەیەدا لە باشووری کوردستاندا بەدیدەکرێ. بۆ سێ پارچەکەی تری کوردستان ئەو دەرفەتە هەڵنەکەوتووە، تەنها ئەوە نەبێ کە لەدەرەوەی وڵات (لە تاراوگە) نەوەیەک لەدایک بوون لەدەرەوەی کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی نەتەوەی سەردەست کە لە نێویاندا بە ئاشکرا باڵادەستی ئاراستەی بیری کوردستانێکی سەربەخۆ دەردەکەوێ. بە بۆچوونی من ئەو مەسەلەیە کەمتر گرنگی پێدراوە. لە دوو کۆنگرەی دوو حزبی خاوەن دەسەڵات لە باشووری کوردستان (واتە پارتی و یەکێتی)، کە بەدوای یەکدا گیراون، کەم یا زۆر ئامارەیەکی جددی بە رەهەندی کۆمەڵایەتی باشووری کوردستان، بە جختکردنەوە لەسەر ئەو نەوە نوێیە، نەکراوەتەوە. لە راستیدا ئەو دوو حزبە زیاتر لەسەر شانازییەکانی رابردوو دەژین وە ئەسیری فکرێکن کە لە رابردوو وە بۆ رابردوو بەرهەمهاتووە.

* وەڵامی پێشتر بەم دوو پرسیارەوە گرێدەدەم:
ئایا ئۆپۆزیسیۆن وەک تاک (واتە هەر هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن بە تەنیا) بچێتە لای دەسەڵات و قسەی لەگەڵدا بکات؟ ئایا بەشداری لە حکومەتدا بکا یا نا؟
هەرگیز بە تەنیا نا. بۆ پرسیاری دووەمیش؛ بە باوەڕی خۆم بەشداریکردنی ئۆپۆزیسیۆن لە حکومەتدا بەبێ ئەوەی هەندێک مەسەلەی ریشەیی و بنچینەیی گۆڕدرابن و رێککەوتن لەسەر ئەو گۆڕانکاریە ریشەیيانە کرابێ، وەک بۆ نموونە دەرهێنانی هێزی چەکدار لە دەست پارتی و یەکێتی، دەرهێنانی ئەو مێدیا زەبەلاحە کە بە دەیان کەناڵی تەلەفزیۆن، گۆڤار و رۆژنامە وئیمکاناتی چاپکردن لە دەستی ئەو دوو حزبە. هەروەها دەرهێنانی پاراستن و زانیاری و ئاسایش لە دەستیان و کۆمەڵێک مەسەلەی تری زۆر بنچینەیی کە دەتوانن خۆیان لە پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی سێکوچکەی (حزب- دەوڵەت– کۆمەڵگا)دا ببێننەوە، هەنگاو و مەرجی گرنگن بۆ بەشداریکردن. ئەمڕۆ هێز و توانای کەرەکتەرەکانی مەیدانی سیاسی لە باشووری کوردستان لە رووی دەرفەت و توانای ماڵی و پەراوێزی کاریگەری خستنە سەر کۆمەڵگا و دامودەزگا رەسمیەکان زۆر ناهاوتا و ناهاوسەنگە، هەڵبەتە لە بەرژەوەندی دوو حزبەکەی دەسەڵات. بەردەوامبوون بەم شیوەیەوە و چوونە ناو هەر هەڵبژاردنێک لەم هەلومەرجەدا (جا چ پێشوەخت یا لە کاتێکی تردا) بە ئەگەری زۆر لە زیانی ئۆپۆزیسیۆن دەبێت، بە تایبەتی گۆڕان، چونکە چیتر ئەم بزاڤە خاوەنی فاکتەری موفاجەئە نیە و دەسەڵاتیش بەردەوام دەبێ لە بەکارهێنانی هەموو ئەو ئامرازانەی بەدەستیەوەیەتی بۆ بردنەوەی هەڵبژاردن. فاکتەری کتوپڕی (مفاجئە) بە تایبەتی لە هەڵبژاردنەکانی یەکەمدا (2009\7\25) گرنگ بوو بۆ گۆڕان کە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا نابێت.
بە مانایەکی تر ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن بچێتە ناو حکومەتێکەوە بێ ئەوەی کە مەسەلە بنچینەییەکان بڕابێتنەوە، ئەوا بە کورتی و بە چڕی، دەست دەداتە خۆکوژی. بۆ

[7] ئەم رستەیە دواتر خراوەتە سەر دەقی ووتار، چونکە ئاشکرایە کە وەڵامەکە دوای بەرواری بەستنی کۆنفرانس بڵاوکرایەوە.

خۆکوژێ؟ ئەگەرێکی یەکجار لاوازە و ئەستەمیشە کە پارتی و یەکێتی لە لای خۆیانەوە دەست لە کۆنترۆڵکردنی پاراستن، زانیاری، ئاسایش، هێزی "پێشمەرگە" و کۆنترۆڵکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت هەڵگرن. ئەمڕۆ هێزی چەکداری (پێشمەرگە) نزیکەی بە دووسەت هەزار (هەڵبەتە بە ناو) چەکدار هەیە لە کوردستاندا، لە لایەن دوو هێزەکەوە تیجارەتی پێدەکرێ و وەک پێگەیەکی دەسەڵات (ئامرازی تۆقاندن و ترساندن – بگرە کوشتن) بەکار دەبرێ. پێشمەرگە نەبۆتە بەشێک لە هێزی چەکداری عیراق بە پێی دەستووری عیراق، دەسەڵاتیش بەردەوام بەغدا گوناهبار دەکات بەوەی ئەو پڕۆسەیە بەجێ نەگەیشتووە. راستیەکەی ئەوەیە کە ئەو دۆخەی کە هەیە خزمەت بە هێژێمۆنی دوو هێزەکەی دەسەڵات دەکات و بە نەتەوەکردنی مەسەلەی پێشمەرگەش، تەنها چەواشەکاری و ناڕاستگۆییەکی دەسەڵاتە، مەبەستی راستەقینەش لێی هێشتنەوەی هێزە چەکدارەکانی کوردستانە لە ژێر رکێفی خۆیان بۆ پاراستن ە بەهێزکردنی دەسەڵاتیان... کەواتە زۆر بە کورتی و بە چڕی قەبووڵکردنی ئەم دۆخە و چوونە ناو ئەو شێوەیە لە دەسەڵات خۆکوشتن نەبێ هیچیتر نیە...

راستە شەقام لە 19ی ئەپریلدا دامرکایەوە، بەڵام ئەو دامرکانەوەیە کۆتایی نییە؛ با ئەو قسەیە پەیامێک بێ بۆ ئۆپۆزیسیۆن و بۆ دەسەڵاتیش. لە لایەکی ترەوە، ئەگەر دەسەڵات وا باوەڕ بکا کە توانیویەتی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ شەقامی کوردی بێدەنگ بکات، ئەوا بە هەڵەدا چووە؛ کێشە بنچینەییەکانی شەقامی کوردی "چارەسەر" نەکراون. جگە لەوەش، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئێستاش لەسەرپێیە و باشووری کوردستانیش بەشێکە لەو حاڵەتە و بەشێکیشە لە تەوژمی گلۆبالیزم. بە هەر حاڵ، بۆ ئەوەی دەسەڵات رازیبێ بە ئەنجامدانی ریفۆرمی ریشەیی زۆر پێویستە ئەو خەیاڵەی دەسەڵات تێکبشکێت، کە گوایا هەتا هەتایە توانیویەتی شەقامی کوردی بێدەنگبکات!

* کاک ئەحمەدی ئەسکەندەری گیان، بۆچوونەکەت جوانە کە دەڵێیت جگە لەو رووداوانەی باسکرا رووداوی تریش هەن کە گرنگن لە پێشوەچوونی خواستی ریفۆرم و باسوخواس لەسەر دیموکراتیزەکردن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. من عەرزم کردن، باسەکەی من زیاتر لە چوارچێوەی ئەوەی کە پێیدەگوترێ (بەهاری عەرەبی)دا بوو. چونکە من لە خزمەت رادیۆکەی کاک ناسریشدا (رادیۆی زایەڵە) لە وتووێژێکدا هەر زوو لە سەرەتای خۆپیشاندانەکانی (تونس و میسر) گوتم من باوەر ناکەم ئێران بە ئاسانی بکەوێتە ناو ئەو هەڵسانە سەر پێیە، چونکە ئێران بە پێی میکانیزمێک، کە تایبەت بە خۆیەتی، بەرێوە دەچێ. بەو مانایەش، رەنگبێ ئێران هەڵسێتە سەرپێ بەڵام عەرەب "دانیشتبێ"، یا عەرەب هەڵستاونەتە سەر پێ کەچی ئێران "چاوەڕێیە". بەو شێوەیە، ئێران زۆر لە تویژەرانی بە خۆیەوە خەریک کردووە و ئەوەی تێبینیش دەکرێ لەو توێژینەوانەدا ئەوەیە کە سیستەمی سیاسی لە ئێران تایبەتمەندی خۆی هەیە و لەبەر ئەوەش چەشنێک لە تێگەیشتنی تایبەت بە خۆی دەوێ. بە هەر حاڵ، بە پرسیارەکەت دەرفەتی ئەوەت دا بە من کە جیاوازی لە نێوان عەرەب و کوردا جختبکەمەوە لەمەڕ شێوازی هەڵسەنگاندنی شکستە مێژووییەکان. من پێشتر گرنگیم دا بە شکستی عەرەب لە شەڕی حوزەیرانی 1967

چونکە وەختێک عەرەب لە ساڵی 1967دا شکست دەهێنێ، یەک دونیا گفتوگۆی جددی لە سەر مەسەلەی دیموکراتی (بە تایبەتی نادیموکراتبوونی رژێمە عەرەبییەکان)، لە سەر ناسیونالیزمی عەرەبی، لە سەر پێناسە، لە سەر... هتد دەکرێ. ئەوانە هەمووی زۆر گفتوگۆی دەوڵەمەند بوون، وە هەروەک گووترا یەکێک لە رەهەندەکانی گفتوگۆ نەبوونی سیستەمی دیموکراتی بوو لە وڵاتانی عەرەبی. لە کوردستان تەنیا لە باشووری کوردستان دوو شکستی مێژووییمان هەیە لە چل ساڵی رابردوودا لە ساڵی 1975 و 1989دا. یەکێکیان (واتە شکستی 1975) بە "خیانەتی" شای ئێران لێکدراوەتەوە و ئەوەی تریشیان بەوەی کە گوایە عیراق بۆتە خاوەن چەکی کیمیاوی لەبەر ئەوە کورد چیتر بەرگەی بەرهەڵستکاری چەکداری ناگرێ. لە راستیدا هیچکام لەو بەهانە (یاخود بۆچوونانە) تەواوی راستییەکە نین، بەڵکو لە باشترین حاڵەتدا تەنها بەشێکی کەمی راستییە تاڵەکەی تێکشکانی خەباتی چەکداری بوون... من عەرزی خوێنەرانم کردووە لە باسێکمدا کە لە 1992دا بڵاوبۆتەوە (دەربارەی خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان) وەکوو مێتۆدێکی سەرەکی خەبات. کرۆکی باسەکەم ئەوە بوو کە ئەو شێوە خەباتە چۆن کوردی کردۆتە دیلی داگیرکەرێک (لە چوارچێوەی هاوپەیمانیەکی ناموقەددەسدا) بۆ "خۆرزگارکردن" لە چنگ داگیرکەرێکی تر. ئەمە یەکێکە لە گەورەترین پارادۆکسە کوژەرەکانی بزاڤی کورد، کە ئێستاس پێویستی بە رۆشنایی و پێداچوونەوەی زێترە بۆ تێگەیشتن لێی... هەر لە رۆشنایی ئەو باسەشمدا، دواتر (لە وتارێکدا 1999)، وەختێک عەبدوڵڵا ئۆجەلان کۆتایی دێ لە دیمەشق و PKK تووشی قەیران دێ من تەفسیری پیلان (کۆمپلۆ یا گەلەکۆمە)ی نێونەتەوەیی لەو قەیرانە رەت دەکەمەوە و دەڵێم کە لە میکانیزمی هاوپەیمانی نێوان PKK و دیمەشقدا ئەوە دیمەشق بوو بڕیاریدا ئەو هاوپەیمانییە هەڵوەشێنێتەوە، هەر وەک شای ئێران لە 1975دا بڕیاریدا و کۆتایی بە هاوپەیمانی لەگەڵ بارزانی هێنا و بەو شێوەیەش بزاڤی چەکداری لە باشووری کوردستان دووچاری گەورەترین شکست هات. ئەوە دەڵێم بەو مانایەی کە ئێمە ئامادەییمان تێدا نەبووە تەنانەت بەو قەدەرەی خەڵکی عەرەبیش (بە پەیوەندی لەگەڵ شکستی 1967) بە خۆماندا بچینەوە و پرسیار بکەین ئەرێ جگە لە "خیانەتی شا و چەکی کیمیاوی و گەلەکۆمەی نێونەتەوەیی" هۆکار و شتی تریش دەبێ هەبووبن یا نا، وە ئەگەر ئا ئەوا چی و چۆن؟

ئەگینا من لەگەڵت کۆکم کە بۆ نموونە شۆڕشی دەستووری ئێران (ناسراو بە مەشروتە) لە سەرەتای سەدەی رابردوو گرنگە، هەروەها بزاڤی د. موسەدەق رۆڵی بەرچاوی هەبووە، نەک هەر بۆ ئێران بەلکو بۆ دیاردەی "رادیکاڵکردنی" سیاسەت لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتی لە پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی رابدوودا. جگە لەمانەش ریفۆرمەکانی دەوڵەتی عوسمانی (ناسراو بە تەنزیمات) لە "پاکێجی" خەتی گوڵخانە 1839 و "پاکێجی" خەتی همایۆن1856، بە گشتی رووداوی گرنگن بۆ تێگەیشتنی دیاردەی ریفۆرم و مۆدێرنیزەکردن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

* پرسیارێک کراوە دەربارەی پەنابردنی سیستەمی "علمانی" بۆ ئایین؟

تەواو راستە؛ یانی لە لایەک دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان ئەمڕۆ مەترسی پاڵوێکدانی گۆڕان و دوو هێزی ئیسلامی لەبەرامبەر دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی گەورە دەکەنەوە و وەک مەترسیەک وینایدەکەن، کەچی، هەر خۆیان پێشتر، بە تایبەتی لە هەشتاکاندا ئەحزابی ئیسلامییان ساز کردووە یا پشتگیرییان کردوون. نموونەی تر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەن: ئەنوەر ئەلسادات لە حەفتاکان (دژی چەپی میسری و هەروەها بە مەبەستی کەمکردنەوەی رۆڵ و کاریگەری ناسریزم) پاڵپشتی بەهێزبوونی رەوتی ئیسلامی کرد، ژەنەراڵەکانی تورک لە هەشتاکان دژی چەپی تورکی بواریان کردەوە بۆ بەهێزبوونی رەوتی ئیسلامی؛ هەمان رەوت کە دواتر لە بارودۆخێکی تر وەک هەڕەشە و مەترسی مامەڵەی لەگەڵدا کرا. لەبەر ئەوە مەسەلەی رەش و سپیکردنی علمانی بەرامبەر ئیسلامی، هەرنەبێ لە پەیوەستەگی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، نەک هەر هەڵەیە بەڵکو بگرە زۆریش مەترسیدارە. دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان (بە دیاریکراوتر پارتی و یەکێتی) سەرمەشقی پرۆسەی بەقەبوڵدانی دەستووری عیراق بوون، ئەو دەستورەی کە هەرنەبێ لە هەندێک لە رەهەندەکانیدا دەتوانێ زۆریش ئیسلامی بێت. لە راستیدا هاوپەیمانە هەرە سەرەکیەکانی پارتی و یەکێتی لە ئاستی عیراق هیزە ئیسلامیەکانن، بە تایبەتی هێزە شیعییەکان. بۆیە پێویستە بە چاوێکی رەخنەگرانەوە سەیری شتەکان بکەین. ئایا ئەو بەهانەیەی پارتی و یەکێتی کە گوایە هێزە ئیسلامییەکان هەڕەشەن بۆ سەر سیستەمی "علمانی" پێ لە ترس لە لەدەستانی دەسەڵات هەڵدەگرێ یا لە پەرۆشیان بۆ پاراستنی ئەوەی پێیدەگوترێ ئەزموونی سیاسی باشووری کوردستان. بە باوەڕی من یەکەمیانە، واتە ترسیان لەوەی کە دەسەڵات لەدەست بدەن! دواجار "ئەزموونەکەش" لە لایەن ئەو دوو هێزەوە دەستیبەسەردا گیراوە (دزراوە).

بە باوەڕی خۆم پەرۆشی بۆ دواڕۆژی کورد و ئەزموونەکەی لە باشوور دەکرێ لە رێگایی ئەوەی کە لە کۆمەڵێک نووسین و چاوپێکەوتندا باسم کردوە بێ ئەویش ئەوەیە کە پێویستە دواڕۆژی کورد لە سەر بنەمای "یەکبوونی دژایەتییەکان" رێکبخرێ: لەم کۆکردنەوەی دژایەتیەکاندا گرنگ نیە تۆ بۆچوونی ئایدیۆلۆژیت چیە بەڵکو گرنگ دوو پرەنسیپە: 1) کوردستانیبوون (هاونیشتمانی بوون) وە 2) پرەنسیپی دیموکراسی، واتە رێکخستنی پانتایی سیاسی (تۆ بڵێ پانتایی نەتەوە) لەسەر بنچینەی مافی یەکسان لە خۆڕێکخستن و بەشداریکردنی سیاسیدا، پشتئەستوور بەو دوو پرەنسیپە. بە مانایەکی تر قەبوڵکردن و پێزانینی پرەنسیپی پارچە پارچە بوونی (تۆ بڵێ هەمەڕەنگبوونی) کۆمەڵگا لەلایەک وە یەککردنی ئارەزوومەندانە و دیموکراتییانەی ئەو پارچانە لە سیستەمێکی سیاسی پلورال و توکمەدا، لە رێگای بەستنەوەی پرەنسیپی دیموکراتی بوون بە پرەنسیپی کوردستانیبوونەوە. جێگەی وەبیرهێنانەوەیە کە لە چوارچێوەی چەند باسوخواسێکی تریشدا تیشکم خستۆتە سەر ئەم مەسەلانە، بۆ نموونە لە چوارچێوەی چەمکی (نوێبوونەوەی کوردایەتی)دا.

* پرسیارێکی تر: ئەوانەی لە سەر شەقامن علمانین یا نا؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستیم بە پێشەکیەک هەیە وە باشتریش وایە بگەڕێمەوە سەر بابەتی سەرەوە بە جختکردنەوە لەوەی کە یەکبوونی (یا ڕاستتر بڵێین یەککردنی) دژایەتییەکان، لە چوارچێوەی "تەرتیبدانێکی" نەتەوەیی (هاونیشتمانیبوونی دیموکراتدا)، تەنها چارەسەرە. بۆ دژایەتی؟ کاتێک دیموکراسی بە مانای پارچە پارچە کردن و ووردکردنەوەی (atomization)ی کۆمەلگا لەسەر هەموو ئاستەکان خۆی بەرجەستە دەکات، بە تایبەتی لە ئاستی تاکەکانی کۆمەڵگادا، کەچی ناسیۆنالیزم یەک ڕەنگ کردن و یەکپارچەکردنی کۆمەڵگایە: بە کورتی دوو شتی دژ بە یەکترن، بەڵام دەبێ کارێکی وەها بکرێ کە ئەو دوو جەمسەرەی دژایەتییە لەگەڵ یەکتر بسازێن، نەک هەر بسازێن بەڵکو ئاوێتەی یەکتر ببن: تۆ ناکرێ بە نێوی علمانییەت ڕێگا بە خۆت بدەیت کە ئەوەی گوتی "ئەڵاهوئەکبەر" بدێوێنی و بە هەڕەشەی ناوزەد بکەیت وە لەسەر ئەو بنچینەیەش لە مەیدانی سیاسی وەدەرنێیت. چونکە لە ڕۆشنایی پرەنسیپی هاونیشتمانیبوون، ئەوانیش بە قەدەر "ئەوی تری" واتە علمانییەکە، هاونیشتمانین وە ئەو پرەنسیپە ئەو مافە لەو علمانییە دەستێنێ کە بە پێی هەر بەهانەیەک بێت داوای وەدەرنانی ئیسلامییەکە لە پانتایی سیاسی بکات و مافەکانی خۆڕێکخستن و دەربڕین و ...هتد پێ ڕەوا نەبینێت.

جا لەم سونگەیەوە، یەکێک لە جوانی و هێژاییەکانی بزاڤی شەقام لە باشووری کواردستان ئەوە بوو کە هەردوو ڕەهەندی علمانی و ئیسلامی بەخۆوە گرتبوو، بەو مانایەش ئەم بزاڤە بوو بە خاوەنی داهێنانێکی گرنگ لە شێوازی سیاسەتکردن بەرامبەر دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان؛ هەتا بگرە تاقیکردنەوەیەکیش بوو لە یەککردنی دژایەتییەکان!

* ئایا دەکرێ ئەو شۆڕشانە (واتە ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی) بە کودتا یا شتێک لەو جۆرە تەواو ببن؟

من عەرزم کردن، دیاردەی دزینی شۆڕش هەبووە و هەیە و لێکۆڵینەوەی زانستیشی لەسەر کراوە. بۆ نموونە، شۆڕشی ئێران دوو ناوی هەیە شۆڕشی ئێران و شۆڕشی ئیسلامی: لە ڕاستیدا سەرەتا شۆڕشی گشت ئێرانییەکان بوو بەڵام لە قۆناخێکی زۆر هەستیاردا بوو بە ئیسلامی، واتە "دزرا". نموونەیەکی تر شۆڕشی بەلشەفییە (شۆڕشی ئوکتۆبەری 1917)، کە هەرنەبێ بە بۆچوونی ترۆتسکی و لایەنگرانی ئەو شۆڕشە دزرا، بە تایبەت لە لایەن ستالینەوە. هەروەها "شۆڕشی" تونس لە 1987، هەروەک پێشتر باسمکرد، دزرا لە لایەن زەینەلعابدین بن عەلی و "بە یارمەتی" دامەزراوەی سەربازی و هەواڵگری... بە مانایەکی تر، هیچ زەمانەتێک نیە کە هەندێک لەو شۆڕشانە، کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر پێن، نەدزرێن. من باسی ئەوەشم کرد کە شۆڕشی میسر ئەگەری زۆرە هەر زوو دزرابێ یا لە حاڵەتی دزراندا بێ.

* جارێکی تر پرسیار دەربارەی ئەڵتارنەتیف دەکرێ:

من پێموایە باسی ئەلتەرناتیف بەرەو داهاتوو کرا. وانەبێ خەڵکانێک، نووسەر و رووناکبیر، هەوڵی ئەوەیان نەدابێ کە شتی جددی پێشکەش بکەن لەو ئاراستەیەدا. بۆ

نموونە، کۆمەڵێک باسی جددی لە ساڵی 2000 لە ستۆکهۆڵم پێشکەش کران لە سیمینارێکی یەکڕۆژەدا، کە دەربارەی کورد بەرەو سەدەی بیست ویەک بوو. لە زۆر جێگای تریش خەڵکی رۆشنبیر و ئەکادیمی شتیان نووسیوە کە دوارۆژی کورد بەرەو کوێ دەڕوا و چی بکرێ باشە. دیسان دەگەڕێمەوە و دەڵێم ئەو دابەشبوون و لەت لەتبوونەی کە کاک مەریوانیش بە نیگەرانییەوە باسی دەکا، جددییە. بەلام من بێ هیوا نیم: دەکرێ پرۆژەیەکی "ئەلتەرناتیڤ" بۆ کورد "متربەکردنی" یا، هەروەک لەسەرەوە گووترا، یەککردنی کوردستانیبوون (نەتەوەبوون لەسەر بنەمای هاونیشتمانیبوون) بە دیموکراسی بێت. من ئەوە لە رووی تیوریەوە دەڵێم جا بە کردار چۆن دەبێ ئەوە شتێکی ترە.

* پرسیارێک ئەوەیە ئایا نەوت سەرچاوەی سیستەمی ستەمکارە لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست؟
هەڵبەتە لە باسەکەمدا من نەگووت نەوت تەنیا سەرچاوەی دەوڵەمەندیە. سەرچاوەی تریش هەن بۆ دەوڵەمەندی ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست، لەگەڵ ئەوەشی کە نەوت گرنگییەکی تایبەتی هەیە لەو باسوخواسانەدا. دیارە، هەر وەک گوتم، سەرچاوەی دەوڵەمەندی تریش هەن کە دەتوانن دەوڵەت، یا راستتر بڵێین رژێمی ناوەندی، بەهێز بکەن، بۆ نموونە داهاتی گەشتوگوزار کە بۆ  میسر و هێندێک ولاتی تر سەرچاوەیەکی گرنگە. هەر وەها ئەو قازانجەی کە ولاتانی نەوتفرۆش لە بواری وەبەرهێنانەوە دەستیان دەکەوێ، کە زیاتر ئەو وەبەرهێنانە لە دەرەوەی ناوچە دەکرێ. بۆ نموونە ئەمڕۆ کوەیت زیاتر لە 200 ملیارد دۆلاری لە بواری جیاجای وەبەرهێنان خستۆتە گەڕ، کە زووربەی هەرە زۆری لە جیهانی رۆژئاوادا کراوە و قازانجی زۆری لێوەردەگرێ. جگە لەمانەش، سەرچاوەیەکی تر، هەرنەبێ بۆ هەندێک ولاتی عەرەبی، یارمەتی ئەمریکایە، وەک بۆ نموونە یارمەتی لە بواری جیاجیادا بۆ تونس و میسر و یەمەن و ئەردەن. بەڵام، بە جختکردنەوە دەڵێم، کێشەی گەورە ئەوە نییە کە دەوڵەت چەند سەرچاوەی دەوڵەمەندی هەیە، بەڵکو لەوە گرنگتر "فەلسەفەی دەوڵەت لە بەڕیوەبردن" کێشەی سەرەکی و هەرە گەورەیە. باڵادەستی دەوڵەت، بەڵکو بگرە مۆنۆپۆڵکردنی بواری چالاکییە ئابووری و کۆمەلایەتییەکان لە لایەن دەوڵەتەوە (یا ئەوەی پێیدەگوترێ ستێیتیزم، کە زیاتر بە چەمکە فرەنسیەکەی (étatism) ناسراوە) مەسەلەیەکی زۆر گرنگە لە بەرهەمهاتنی سیستەمی سیاسی، ئەوا ئەگەر بگرە هەرە گرنگیش نەبێ. بە مانایەکی تر ئێمە دەبێ مەسەلە لە رەهەندی ئابووری و سەرچاوەکانی دەوڵەمەندی فراوانتر ببینین وە باس لە دید و رۆڵی دەوڵەت لە گەشەکردنی ئابووری-کۆمەلایەتی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و ...هتد بکەین.

--------------------------------------------

# ئەو ژێدەرانەی کە راستەوخۆ لەم باسەدا بەکارهاتوون


Avineri, Shlomo (2010) ”Transformations in Eastern Europe and lessons for the Middle East,” in *The Struggle over Democracy in the Middle East: Regional Politics and External policies,* Brown, Nathan J. & Shahin, Emad el-Din (eds), (London & New York: Routledge).

Bayat, Asef (2007) *Making Islam Democratic: Social Movements and the Post-Islamist Turn,* (Stanford, California: Stanford University Press).

Bellin, Eva (2005) “Coercive Institutions and coercive Leaders,” in *Authoritarianism in the Middle East: Regimes and resistence,* Posusney, M. Pripstein & Angrist, M. Penner, (eds) (Colorado: Lynne Rienner publishers).

Bill, James & R. Springborg, (2007) *Politics in the Middle East,* 7th ed.

Brown, Nathan J. & Hawthorne, Amy (2010) ”New wine in old bottles?: American efforts to promote democracy in the Arab World,” in *The Struggle over Democracy in the Middle East: Regional Politics and External policies*, Brown, Nathan J. & Shahin, Emad el-Din (eds), (London & New York: Routledge).

Brownlee, Jason ”The decline of of Pluralism in Mubarak’s Egypt,” *Journal of Democracy,* vol. 13, no. 4, Oct. 2002.

Brownlee, Jonas (2005) “Political Crisis and Restabilization: Iraq, Libya, Syria, and Tunisia,” in *Authoritarianism in the Middle East: Regimes and resistence,* Posusney, M. Pripstein & Angrist, M. Penner, (eds) (Colorado: Lynne Rienner publishers).

Brumberg, Daniel (2002) “The Trap of Liberalized Autocracy,” *Journal of Democracy,* vol. 13, no. 4, Oct. 2002.

Brumberg, Daniel (2005) ”Liberalization versus Democracy,” in *Uncharted Journey: Promoting Democracy in the Middle East,* Thomas Carothers, & Marina Ottaway (eds), (Washington D.C. : Carnegie Endowment for International Peace, cop).

Carothers, Thomas & Ottaway, Marina (2005) ”Introduction: the New Democracy Imperative,” in *Uncharted Journey: Promoting Democracy in the Middle East,* Carothers, Thomas & Ottaway, Marina (eds), (Washington D.C.: Carnegie Endowment for International Peace, cop).

De Muth, Suasan (2011) ”Towards a new pan-Arabism,” *The Middle East,* Issue 422.

Dalacoura, Katerina (2011), *Islamist Terrorism and Democracy in the Middle East,*

Diamond, Larry (ed.) *Political Culture and Democracy in Developing Countries,* .

Entelis, John P. (Ed.) *Islam, Democracy and the State in North Africa,* (Indiana Series in Arab and Islamic Studies)

Fuller, Graham (2005) ”Islamists and Democracy,” in *Uncharted journey: promoting democracy in the Middle East,* Thomas Carothers and Marina Ottaway, (eds), (Washington D.C.: Carnegie Endowment for International Peace, cop).

Hamid, Shadi (2010) “The myth of the democratizing monarchy,” in *The Struggle over Democracy in the Middle East: Regional Politics and External policies,* Brown, Nathan J. & Shahin, Emad el-Din (eds), (London & New York: Routledge).

Hawthorne, Amy (2005) ”The New Reform Ferment,” in *Authoritarianism in the Middle East: Regimes and resistance,* Marsha P. Possuney & Michele P. Angrist, (eds) (Colorado: Lynne Rienner publishers).

Karam, Azza (2010) ”Democracy and faith: The continuum of political Islam,” in *The Struggle over Democracy in the Middle East: Regional Politics and External policies,* Brown, Nathan J. & Shahin, Emad el-Din (eds), (London & New York: Routledge).

Kazziha, Walid (2010) “The fantasy of Arab democracy without a constituency,” in *The Struggle over Democracy in the Middle East: Regional Politics and External policies,* Brown, Nathan J. & Shahin, Emad el-Din (eds), (London & New York: Routledge).

Kedourie, Elie (1994) *Democracy and Arab Political Culture,* (London: Frank Cass).

Keshavarzian, Arang “Contestation Without Democracy: Elite Fragmentation in Iran,” in *Authoritarianism in the Middle East: Regimes and resistance,* Posusney, M. Pripstein & Angrist, M. Penner, (eds) (Colorado: Lynne Rienner publishers).

Long, David E., et al (2007) *The Government and Politics of the Middle East and North Africa,*

Luciani, Giacomo (1990) “Introduction,” in *The Arab State,* Luciani, Giacomo (ed.) (London: Routledge).

Migdal, Joel S. (1988) *Strong Societies and Weak States: State-Society Relations and State Capabilities in the Third World,* (Princiton; New Jersey: Princiton University Press).

Milani, Abbas (2005) “Iran’s Peculiar Election: A Historical Perspective”, *Journal of Democracy,* Vol.16 issue 4.

Norton, A. Richard (2005), ”The Puzzle of Political Reform in the Middle East,” in *International Relations of the Middle East,* Fawcett, Louise (ed.), (Oxford: Oxford University Press).

Posusney, M. Prispstein, (2005) “Multiparty Elections in the Arab World: Election Rules and Opposition Responses” in *Authoritarianism in the Middle East: Regimes and resistance,* Posusney, M. Pripstein & Angrist, M. Penner, (eds) (Colorado: Lynne Rienner publishers).

Posusney, Marsha Pripstein (2005) “The Middle East’s Democracy Deficit in Comparative Perspective,” in *Authoritarianism in the Middle East: Regimes and resistance,* Posusney, M. Pripstein & Angrist, M. Penner, (eds) (Colorado: Lynne Rienner publishers).

Rubin, Barry (2006); “Dealing with Communalism,” *Journal of Democracy,* Vol. 17 issue 1.

Puddington, Arch; Piano, Aili, (2006) “Progress in the Middle East,” *Journal of Democracy,* Vol.17, issue 1.

Shahin, Emad El-din, (2010) ”Democratic transformation in Egypt: Controlled reforms… frustrated hopes,” in *The Struggle over Democracy in the Middle East: Regional Politics and External policies,* Brown, Nathan J. & Shahin, Emad el-Din (eds), (London & New York: Routledge).

Tessler, Mark A.; Moaddel, Mansoor; Inglehart, Ronald, (2006) “What Do Iraqis Want?”, *Journal of Democracy*, Vol.17, issue 1.

Vatikiotis, P. J. (1987) *Islam and the State,* (New York: Croom Helm).

Yassin, Borhanedin A (1992) “Irak 1968-1992: stat, ideology, ledarskap” *konflikt och samarbete vid persiska viken,* Tägil, Sven (ed.), (Lund: Lund University Press).

Youngs, Richard (2010) “Democracy and Security in the Middle East,” in *The Struggle over Democracy in the Middle East: Regional Politics and External policies,* Brown, Nathan J. & Shahin, Emad el-Din (eds), (London & New York: Routledge).

Zubaida, Sami (2000) ”Trajectories of Political Islam: Egypt, Iran and Turkey,” *The political Quarterly,* Vol. 71, Issue 1, 2000.